# غەنیمە لە نێوان کەلتوری میللی عەرەب و ئایینی ئیسلامدا

**سەعید مەولوود نادر[١]، سەلاح کانەبی ئیسماعیل[٢]**

[١] بەشی مێژوو، فەکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

کەلتور و داب و نەریتی کۆمەلایەتی هەر کۆمەڵگایەك، کاریگەری هەیە لەسەر دیاریکردنی باوەڕ و کەلتوری ئەو ئایینەی لەو کۆمەڵگایەدا سەرهەڵدەدات، بەتایبەتی لە کۆمەڵگا خێڵەکییەکان، چونکە کۆمەڵگای خێڵەکی پەیوەستە بە کەلتور و نەریتی پێشینانی. لەو تێڕوانینەوە، کاتێك ئایینی ئیسلام لە کۆمەڵگای عەرەبی خێڵەکی سەریهەڵدا، بووە هەڵگری بەشێکی زۆر لە ڕەگەز و بەها کۆمەلایەتییەکانی پێشینە، لە ناویاندا غەنیمە وەك نمونەیەك وەرگیراوە، لەو توێژینەوەیەدا چۆنییەتی پەڕینەوەی ئەو دیاردەیە لە کەلتوری میللی کۆمەلایەتییەوە بۆ ناو باوەڕی ئایینی تاووتێکراوە.
ئامانجی سەرەکی ئەو توێژینەوەیە، دۆزینەوەی چۆنییەتی فۆرمەلەبوونی کەلتوری غەنیمەیە، وەك هۆکارێکی سەرەکی بۆ موسولمانبونی عەرەبەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان، بێجگە لەوەی لێهاتویی کەسایەتی پەیامبەر خراوەتەڕو لە شێوازی مامەلەکردن لەگەڵ دیاردەی غەنیمە و بەکارهێنانی وەك هۆکارێکی بەهێز بۆ سەرخستنی بانگەوازەکەی. مەبەستی سەرەکیش سەلماندنی دروستی و نادروستی ئاکار و ڕەفتاری تاکە بەشدارەکانی ڕوداوەکان نییە، بەڵکو دۆزینەوەی ئەو هەستە یان ئەو هێزەی پاڵنەرەکانی ئەو ڕوداوەی دروستکردووە، یان مەبەستی سەرەکیمان ئەو پالنەرە دەرونییانەیە کە ئەو کەلتورەی لە سەردەمێك گواستووەتەوە بۆ سەردەمی دوای خۆی و لە بەهایەکی کۆمەلایەتییەوە گۆڕیویەتی بۆ بەهایەکی ئەخلاقی ئایینی. هەولیشدراوە لەو کارەدا هەردوو بواری کۆمەلناسی و مێژوو تێکەڵ بکرێت، تا بتوانرێت ڕۆڵی کایە کۆمەڵایەتییەکان هەڵبسەنگێندرێت لە دیاریکردنی بنەمای ئەو ئایینەی لەو کۆمەڵگایەدا سەرهەڵدەدات، بۆیە پەیوەندییەکانی نێوان کەلتوری کۆمەڵگا و ئایین ڕونکراوەتەوە، ئاستی پابەندبونی کۆمەڵگا بەهەریەك لەم دوانە خراوەتەڕو. هەروەها باسمان لە کاریگەریی یادەوەریی عەرەبەکان کردووە بەسەر ئایینی ئیسلام و غەنیمەمان کردوەتە نمونەی ئەو نەریتەی، کە لە سەردەمی ئیسلام بوەتە کەلتورێکی ئایینی و بەردەوامی پێدراوە.

**وشە سەرەکییەکان:** یادەوەری، غەنیمەت، ئایین، کەلتور، بەهای کۆمەلایەتی.

## پێشەکی

دەرکەوتنی هەر ئایینێك لە کۆمەڵگا، ناکۆکیی نێوان ڕەگەزەکانی دوو کایەی ئایینەکە و بەها کۆمەڵایەتییەکانی لێدەکەوێتەوە، چونکە هەریەکێکیان کاریگەریی بەسەر ئەویدیکەدا هەیە و دەیەوێت ناسنامەی خۆی لە شوناسی ئەویدیکەدا بپارێزێت. ئەو توێژینەوە هەوڵێکە بۆ بەراوردکردنی کەلتوری غەنیمە لە نێوان دوو سەردەمی جیاوازی بەدوایەکداهاتوو؛ لە یەکێکیان بەهایەکی کۆمەڵایەتیی گرنگ و لەوەی دیکەیان کەلتورێکی ئایینی، لەم ئاگاییەشەوە زیاتر ڕەهەندی مێژوویيان بەهەند وەرگرتووە، نەك ڕەهەندە ئاینییەکە .

پێمانوایە وردبونەوە لە مێژووی سەرەتاکانی ئیسلام، بەبێ شارەزابون لە پێکهاتە و مێژوی کەلتور و نەریتی پێشینەی عەرەبەکان، فەرامۆشکردنی بەشێکی گرنگی بواری سایکۆلۆژیی ئەو کۆمەڵگایەیە. بۆ داماڵینی ئایینی ئیسلامیش لە خەوشە مێژوییەکە، پێویستە ڕۆڵ و پێگەی کەلتوری پێشینەی کۆمەڵگای عەرەبی، وردتر شرۆڤە بکرێت و ئاستی پەیوەستەگیی بەها کۆمەڵایەتییەکانی پێش ئیسلام بخرێتەڕو. وەك ئارکۆن پێیوایە؛ هەر توێژەرێك لە مێژووی ئیسلام بکۆڵێتەوە، ئەگەر شارەزای پێشینە مێژووییەکەی نەبێت، ئەوا گومڕا دەبێت (١٩٩٦، ٢٨).

پێکهاتەی توێژینەوەکەمان دابەش کردووە بۆ سێ تەوەر، لە تەوەری یەکەمدا، پەیوەندییەکانی نێوان کەلتوری کۆمەڵگا و ئایین ڕونکراوەتەوە، ئاستی پابەندبونی کۆمەڵگا

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٦، ژمارە ٢ (٢٠٢٣)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٤ کانوونی دووەم ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ١٢ تەمووز ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٦ حوزەیران ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: saeed.mawlwd@koyauniversity.org ، salah.ismail@univsul.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٣ **سەعید مەولوود نادر، سەلاح کانەبی ئیسماعیل**، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp322-333

بەهەریەك لەم دوانە خراوەتەڕو. لە تەوەری دووەمدا، هێزی بەها کۆمەڵایەتییەکانی عەرەب لە پێش ئیسلامدا هەڵسەنگێنراوە، چونکە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و هێزی پەیوەستەگیی عەرەب بەو بەهایانە لەو سەردەمەدا، ئاستی کاریگەریی نێوان کەلتور و ئاینمان زیاتر بۆ ڕوندەکاتەوە. لە دوا تەوەردا، باسمان لە کاریگەریی یادەوەریی عەرەبەکان کردووە بەسەر ئایینی ئیسلام و غەنیمەمان کردۆتە نمونەی ئەو نەریتەی، کە لە سەردەمی ئیسلام بووە بە کەلتورێکی ئایینی و هەوڵی نوێکردنەوەیان داوە.

## تەوەری یەکەم: پەیوەندیی نێوان کەلتوری کۆمەلایەتی و باوەڕی ئایینی

کاتێك باوەڕێکی ئایینیی نوێ لە کۆمەڵگایەك سەرهەڵدەدات، ڕەگەزەکانی ئەو ئایینە دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ ئەو بەها کۆمەڵایەتییانەی پێشینەیەکی مێژوویی ئەزمونکراوییان هەیە، چونکە هەریەکەیان شێوازەکانی ئاکاری تاك ڕێکدەخەن و پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی کۆمەڵگاوە هەیە، فشار دەخەنە سەر دەرونی تاك، هەریەکەیان دەیەوێت ببێتە بنەمای پێکهاتەی بەهاکانی ئەو کۆمەڵگایە و مانایەك بۆ پێکەوەژیان و کۆمەڵبون دروستبکەن.

بە گشتی، ئایین سیستەمێکی بیروباوەڕ و تێڕوانینە، لە پاڵ پێداویستییە ڕۆحییەکان، ئاکار و ڕەفتاری ئەندامانی کۆمەڵگا ڕێکدەخات و ئاراستەیان دەکات، بەردەوام پشت بەهێزێکی نادیار و ڕاڤەنەکراو دەبەستێ (السواح، ٢٠٠٢، ٢٣-٢٩). لە بەرامبەردا کەلتور پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە، بیروباوەڕ و هونەر و یاسا و مەعریفە و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، تاك لە ڕێگەی ئەزمون کردنی کۆمەڵگاکەیەوە فێریان دەبێت (کوش، ٢٠٠٧، ٣١). هەروەها ئاوێتەیەکە لە هەموو ئەو شتانە پێکهاتووە کە بیریان لێدەکەینەوە، وەك ئەندامێکی کۆمەڵگا ئەزمونیان دەکەین و دەریاندەبڕین (مجموعة من الکتاب، ١٩٩٧، ٩)، هەمو ئەو ڕەگەزانەی کەلتوریش بەیەکەوە گرێدراون و پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، کاریگەریی بەهێزی بەشەکانی، دەبێتە هۆی دروستبونی سروشتێکی نوێ، کە پێشتر لە کاتی تاکێتی ئەو سروشتەی بەخۆیەوە نەبینیوە (الوردي، ٢٠٠٩، ٣٦)، مانای ئەوەیە، کەلتور تاك پەلکێش دەکاتە ناو تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا (منديب، ٢٠٠٦، ٢٠).

کەواتە کەلتور، ڕیشەیەکی مێژوویی قووڵی هەیە، بەپێی پێداویستییە ژیارییەکان لە لایەن مرۆڤ خۆیەوە، لە کاتێکی دیاریکراودا بەرهەمهێنراوە. شێوەی تۆڕێکی ئاڵۆزی پێکهێناوە، بەهۆی ئاگادارکەرەوەکانی ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤ لە لایەك، کاردانەوەکانی لە لایەکی دیکەوە بەدیهاتووە. لەبەرئەوە هەمو کەلتورێکی باوی کۆمەڵایەتی بنەمایەکی قووڵی مێژوویی هەیە. هەمان بنەما لە چوارچێوەی ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتیدا بووە بە هەڵسوکەوتی گشتیی ژیانی ڕۆژانە (ئیسماعیل، ٢٠٠٤، ١٥٨؛ الوردي، ٢٠٠٩، ٣٦)، تێکڕای توخم و ڕەگەزە بنچینەییەکانی کەلتوری هەر میللەتێکیش، شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەو شێوازە، ڕۆحی تایبەتیی ئەو کەلتورەیە و کاریگەریی لەسەر ئاکار و مۆڕاڵی تاك هەیە، کە لە سەر ئاستی دەستەجەمعی کارێکی قبوڵکراوە (کوش، ٢٠٠٧، ٣٦) .

بەها کۆمەڵایەتییەکان، خاوەنی هەمو ئەو شتانەیە کە هەستی پیرۆزی لە گیانی ئەندامەکانیدا دروست دەکات. دەتوانێت هەمو ئەو شتانە بەئەندامەکانی ببەخشێت، کە خوا بە باوەڕدارەکانی دەبەخشێت (لێژێ، ٢٠٠٨، ٢٠١)، ئەگەر ئەو گوزارشتە بە پێوەری پێناسەکانی سەرەوە لێکبدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کۆمەڵگا دەبێتە چەقی بەرهەمهێنانی ئایین و کەلتور، بۆیە دەبینین لە تێڕوانینی زۆرێك لە زانایانی کۆمەڵناسی، ئەو دو چەمکە دەرکەوتەی کۆمەڵایەتیین و ڕۆڵ و کاریگەرییان بەسەر کۆمەڵگا دەبێت. لە هەمان کاتدا وەك دو توخمی کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەیان بەسەر یەکترەوە هەیە و یەکتر تەواودەکەن، چونکە کەلتور بە ئەزمونکردنی مێژووییانەی تاك دەبێتە ڕەفتاری قبوڵکراوی کۆمەڵگا. ئایینیش لەڕێگەی ئەزمونکردنی ڕێوڕەسمەکانی بیروباوەڕی خۆی جێگیرتر دەکات. بەمانایەکی دیکە، کەلتور پرسێکی دەستەجەمعییە، ڕەفتاری ڕۆژانەی مرۆڤەکان دایدەڕێژن، نەوە لە دوای نەوە کار لە سەر پتەوکردن و گەشەپێدانی دەکەن، دواجار دەبێتە ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی ژیانی کۆمەڵ ڕێکدەخات. واتە ئەزمونکردنی بەردەوامی هەر کردەیەك، پەیوەستەگی بەرهەمدەهێنێت و تاك بەئاسانی ناتوانێت دەستبەرداری ببێت، بۆیە مرۆڤ بەئاسانی ناتوانێت دەستبەرداری نەریتە کۆنەکانی ببێت (مجموعة من الکتاب، ١٩٩٧، ٣٠)، چونکە ئەو نەریتانە لە قوڵاییی ئاوەزە کۆنەکانی ناوەوەی مرۆڤدا چێنراون، مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو نەریتانە و بەبێ ویستی خۆی دەکەوێتە بەر تەوژمەکانی، بیرکردنەوە و لۆژیك لە بەرامبەر تەوژمی نەریتەکاندا ڕۆڵییان نامێنێت (الوردي، ١٩٩٥، ٣٥) .

کەواتە پیرۆزکراوەکان، باوەڕ پیرۆزی نەکردوون، ئەوەندەی پرۆسەی ئەزمونکردنەکە پیرۆزیی پێبەخشیون، (فراس السواح) بەرهەمهێنانی پیرۆزییەکانی بۆ ئەزمونکردنی ڕۆژانە گەڕاندۆتەوە. پێیوایە مامەڵەکردن و دوبارەکردنەوەی ڕۆژانەی کردارەکان پیرۆزی دروستدەکەن (٢٠٠٢، ٥٤-٥٥). کەواتە هەردو چەمکی ئایین و کەلتور دەچنە چوارچێوەی پیرۆزکردنە کۆمەڵایەتییەکان.

هەمو توخمەکانی کەلتور، پەیوەندییان بە یادەوەریی دەستەجەمعییەوە هەیە، لە دابونەریت، ڕێوڕەسم، ڕەفتاری تاك، کۆی ئەو دیاردانەی کۆمەڵگا لە ڕابردو ئەزمونی کردووە، بۆیە ئەستەمە کۆمەڵگا بتوانێت خۆی لە خەیاڵدان و یادەوەریی پرۆسە مێژوویيە دورمەوداکەی ببوێرێت، چونکە پێکهاتەی خەیاڵدان و بیرکردنەوەی، لە نێو پێکهاتەی خێزان و کۆمەڵگاکەیدا دروستبووە. واتە چوارچێوەکانی بیرکردنەوەی، پێشتر لە یادەوەریی کۆمەڵگا و خێزانەوە جێگیربووە، بۆیە هەندێك لە زانایانی کۆمەڵناسی پێیانوایە یادەوەریی کۆمەڵایەتی، یادەوەرییەکی کەلتورییە، بەپێی گۆڕانکارییەکانی گروپ لە خۆناونانێکی بەردەوامدایە (لێژێ، ٢٠٠٨، ٢٢٤-٢٢٥)، چونکە لە ڕێگەی هەستەکانەوە بەشێك لە زەینی مرۆڤ داگیردەکات و دەبێتە بەشێك لە یادەوەری. بۆیە ڕۆڵێکی گرنگی لەسەر ڕەفتار و ئاکاری ڕۆژانەی تاك هەیە.

ئەو ئەزمونکردنە و جێگیربون لە یادەوەری، ئاستی بەها کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەستبونیش بەو بەهایانە دیاریدەکات، چونکە تەنها کاریگەریی لە سەر ڕۆحی کۆمەڵگای سەردەمەکەی خۆی نابێت، بەڵکو ئەوەندەش بەپەنهانی شۆڕدەبێتەوە و دەبێتە بەشێك لەو کەلەپورەی، کە بەها و بۆچونی هاوبەش لە کۆمەڵگادا دروست دەکات، بۆیە لەگەڵ هەر سەردەمێکی تازەدا دەکەوێتە ململانێ و دەیەوێت زاڵبێتەوە، چونکە بوەتە بەشێك لە کۆخەیاڵی کۆمەڵ. لەو ڕاستییەوە ئارکۆن دەڵێت: "هەمو کەلتورێك دەیەوێت لە ڕێگەی ئەزمونکردنەوە، بەرەنگاری شێواندن و دورخستنەوە و پەراوێزخستن ببێتەوە و شورا تایبەتەکەی خۆی تۆکمەتر بکات" (١٩٩٦، ٣٩).

لێرەدا دەتوانین لە نێوان سروت و کەلتوردا مانایەکی هاوبەش بدۆزینەوە، سروت و باوەڕی ئایینی متمانەکردن بەیەکتری ئاڵوگۆڕ دەکەن. هەرچەندە سروت وەك بەرهەمی باوەڕێکی ئایینیی دیاریکراو دێتە ئارا و کار بۆ خزمەتکردنی دەکات، بەڵام هێندە نابات،

بەهۆی ئەو مۆركە دەستەجەمعییەی هەیەتی، هەمان سروت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كاریگەری بخاتە سەر باوەڕە ئاینییەكە، بەوەش هێز و تۆكمەیی خۆی زیاتر دەكات، كار لە سەر گۆڕینی ڕەوشی زەینی و دەرونیی تاك دەكات، ئەو مۆركەش جۆش و خرۆشی تاكەكان نوێ دەكاتەوە و هەستی یەكێتیی باوەڕیان پێدەدات (السواح، ٢٠٠٢، ٥٥). ئەو پرسەش لە ڕێگەی ئەزمونكردنی بەردەوامی تاك و كۆمەڵ دێتەكایەوە و ڕاستەوخۆ بە دوبارەبونەوەی كردارەكەوە بەستراوە، دەتوانین بڵێین ئەو گوزارشتە بۆ كەلتور و بەها كۆمەڵایەتییەكان هەمان مانا دەبەخشێت، چونكە كەلتور كردارێكی پێشینەی ڕێكخراوە و مێژوویەكی لە ئەزمونكردندا هەیە. تاكەكانی كۆمەڵگا، چەندە هاوبەش بووبن لە پەیڕەوكردنی ڕەفتارێك، كەلتور هێندە نوێ دەبێتەوە و تاكی ئەو كۆمەڵگایە زیاتر بەخۆیەوە پەیوەستدەكات، واتە ژینگەی كۆمەڵایەتی لە چوارچێوە كۆمەڵایەتییەكەیدا، تاك ناچار دەكات، كە پابەندبێت بەو سیستەمەی كۆمەڵگا كردویەتی بە بنەمای پێكەوەهەڵكردن (مجموعة من الكتاب، ١٩٩٧، ٣٦). لێرەوە دەتوانین بڵێین سیستەمی ئاینی و سیستەمی كۆمەڵایەتیی پێشینە، دووانەی یەكترن، كاتێك ڕەفتار و ئاكاری تاكی كۆمەڵگا وەك بەشێك لە كەلتوری ئەو كۆمەڵگایە وەربگرین. هەر لەبەرئەوەشە ناتوانین دەركەوتنی هەر ئاینێك، لە دەركەوتە كەلتورییەكانی ئەو كۆمەڵگایە دابڕین، كە ئاینەكە بەرهەمدەهێنێت، چونكە زۆرجار مۆڕاڵی كۆمەڵگا چوارچێوە بۆ سیستەم و بنەما ئاینییەكان دادەڕێژێت، یان هەوڵدەدات مۆڕاڵی ئاینی لە چوارچێوەی سیستەمی كۆمەڵایەتیدا قەتیس بكات.

بەو شێوەیە لەوە تێدەگەین، كۆمەڵگاكان لە پەیوەندییەكی بەردەوامدان لەگەڵ ڕابردوو، لەگەڵ ئەو كردە بەردەوامە مێژووییەی لەسەرهەڵدانییەوە بووە بە بەشێك لە سیستەمی كۆمەڵایەتیی كۆمەڵگاكە و ڕۆژانە ئەزمونی كردووە، ئەو سیستەمەش پێویستە شێوازی كاركردنی خۆی بدۆزێتەوە بۆ سەقامگیربونی مێژوێتیی خۆی، بۆ ئەوەی ببێتە ئەو سیستەمە كارایەی كۆمەڵگا ئاراستە بكات و وەك نەریتێكی پیرۆز بەرەنگاری هەمو تازەگەرێتییەك ببێتەوە، چونكە ئەزمونكردنی ماوەیەكی درێژی هەركارێك، پیرۆزی وەردەگرێت. لەم تێڕوانینەوە پێمانوایە، دابونەریت و بەها كۆمەڵایەتییەكان بەشێوەیەك لە یادەوەریی كۆمەڵگا جێگیربوونە، ئەستەمە بتوانرێت پەراوێز بخرێن، چونكە بنەمایەكی مێژوویی- كۆمەڵایەتییان هەیە. وەردی، جەخت لە سروشتی مرۆڤ دەكاتەوە و پێیوایە كاریگەریی ئەو شتانەی دەكەوێتە سەر، كە نەریتی كۆمەڵایەتی پێگە و گرنگییان بۆ دیاریدەكات (١٩٩٥، ١٨)، ئیبن خەلدونیش سەقامگیریی دەسەڵاتی فەرمانڕەواكان دەبەستێتەوە بە پشتبەستن بەنەریتەكانی پێشینە، هاوشانی نەریتەكانی سەردەمی خۆی. پێیوایە ئەگەر پاشایەك دەستبەسەر دەوڵەتێكدا بگرێت، ناچارە ڕێز لە دابونەریتی پێشینە بگرێت و قبوڵی بكات (٢٠١٣، ٣٣)، چونكە كۆی زانیاری و ڕۆشنبیری و پڕۆسە كردەییە پێشینەكانی كۆمەڵگا، كە لە یادەوەریی میللەتاندا پارێزراون، بنەمای هێلكاریی دارشتنی مێژوی كۆمەڵگاكەن و پێگەی بەرئەقلیان هەیە، بەو مانایەی هەمو یادەوەرییەك پەیوەستە بەڕابردوو، پەیوەستیشە بەكۆی ئەو ئەزمونە پێشینانەی ئەنجامدراون، یان شوێنەوارەكانی ڕابردون و پەیوەندییان بە بەرهەمەكانی مرۆڤەوە هەیە (نادر، ٢٠١٥، ١٢١)

نمونەی ئەو بابەتەی ئاماژەمان پێكرد، دەركەوتنی ئاینی ئیسلامە لەكۆمەڵگای عەرەبیدا. لە واقعێكی كۆمەڵایەتیی- مێژوویی فرە ڕەهەند، بەها كۆمەڵایەتییەكان ڕۆڵی سیستەمێكیان بینیوە بۆ ڕێكخستنی ژیانی كۆمەڵایەتیی خێڵەكی. لە بەرامبەریشدا، دەركەوتنی ئیسلام لەو پانتاییەدا، كە خاوەنی پەیامێكی ئاسمانییە و ئامانجی ڕێكخستن و بەیەكەوە هەڵكردنی كۆمەڵگا و یەكگرتنی سەرجەم خێڵەكانە، دەیەوێت لە ناو كۆمەڵی پەرتبوی خێڵایەتی و دەمارگیر و شەڕانگێزدا ڕۆحێكی هاوبەش بنیاتبنێت. ئیبن خەلدون بەڕونی گوزارشتی لەو بابەتە كردووە، پێیوایە ئەو كۆمەڵگایە بەهۆی سروشتی دڕندەیی و شەڕانگێزیی، هەرگیز ناتوانێت یەكدەنگ و هاوڕابێت، ئەگەر ئاین كۆیان نەكاتەوە (٢٠١٣، ١٤١).

لێرەوە بەها كۆمەڵایەتییەكان ڕوبەڕوی كەلتوری تازەی ئاینی دەوەستنەوە، تەنها پارێزگاری لەخۆیان ناكەن، بەڵكو ڕكابەریی بەها ئاینییەكان دەكات و دەیەوێت لە ناو ئاینە نوێكەدا تێگەی ئاینی بۆخۆی بنیات بنێت، چونكە كۆمەڵگا لە هەمو سەردەمێكدا بەدوای پێداویستییەكانی خەیاڵگەیدا دەگەڕێت، كە بریتین لەو بەهایانەی بونەتە تایبەتمەندیی ئەو كۆمەڵگایە، بەها و پێشینەكانیش گەنجینە و داكراوێكی دەرونییە لە یادەوەریی كۆمەڵدا و بنەمایەكی تیۆریشە بۆ ژێرخان و بونیادەكانی (أبوزید، ١٩٩٤، ١٥٨).

وەردی پێیوایە ئەو بەهایانە بە پەنهانی لە نەستی مرۆڤدا دەمێنێتەوە و بەئاسانی لەناوناچن، لەوانەیە تا مردن لە ناخی مرۆڤ بمێننەوە (١٩٩٥، ١٢٣). هەروەها ئاماژە بەوە دەكات، خودی مرۆڤ هەست بەوە ناكات چ گرێیەكی دەرونی و بەهای كۆمەڵایەتی لە قوڵایی نەستیدا هەڵگرتووە، هەست بكات یان نەیكات، پەیوەستە بەو گرێ و بەهایانەوە، ئەستەمە بتوانرێت مرۆڤێك بگۆڕین، كە لە ژینگەیەكی دیاریكراو ژیاوە، ببێتە مرۆڤێكی دیكە، وەك ئەوانەی لە ژینگەیەكی دیكە پێگەیشتون (الوردي، ١٩٩٥، ١٣١).

ئاركۆن بەقورسی دەزانێت ئاستی ڕوبەڕوبونەوەی نێوان ئەو دو كەلتورە جیاوازە دیاریبكرێت، لەنوسینەكانیدا دەیەوێت تێبگات ئاستی شكست و سەركەوتنی توخمەكانی هەریەك لە ئاین و كەلتوری پێشینە و كاریگەری و كاردانەوەی هەریەكەیان چەندە (١٩٩٦، ٢١٧)، بەڵام بە وردبونەوە لە گێڕانەوە مێژووییەكان، ئەستەم نییە بتوانین توخنی كاریگەریی نێوان ئەو دو پرسە بكەوین و بەهاكانی پێشینە لە ناو مێژوێتیی ئاینی بەرهەمهێنراو دیاریبكەین، چونكە مێژوێتیی ئاین و ڕاستێتیی ئاینەكە دو شتی لەیەك جودان و هیچ نەبێت لە كەلتوری ئاینی بەرهەمهێنراودا، دەتوانرێت توخمە كاریگەرەكانی پێشینە دەستنیشان بكەین.

ئەو گوزارشتە بۆ هەمو ئاینەكان ڕاستە، چونكە تێگەی مرۆڤ بۆ ئاین، بە ئاستی مەعریفی و سروشتی ژیانی ئابوری و كۆمەڵایەتییەوە كاریگەرە. وەك دەبینین عەرەبە دێرینەكان تەنە ئاسمانییەكانیان پەرستووە، بەهۆی ئەوەی كاریگەرییان بەسەر گوزەران و ژیانییان هەبوە (علي، ١٩٩٣، ٢٢/٦؛ حتی، ١٩٥١، ١٣٣/١-١٣٤). لە كتێبی تەوراتدا، (١٠) دە ڕاسپاردە مۆڕاڵییەكانی ناو (سفر الخروج)، ئەو حەرامكراوانەن، كە موسا لە مۆڕاڵ و حەرامكراوەكانی پێش ئەو سەردەمەی وەرگرتووە، بەڕۆشنی ئەو حەرام كردنانە بەهەمان زمانی سەپێنەری (١٠) دە ڕاسپێردراوەكە و لە هەمان كەشی پیرۆزی تۆقێنەردا لە ئاسمانەوە هاتوەتە خوارەوە (السواح، ٢٠٠٢، ٧٥). واتە لە زۆر كاتدا ئاین ڕەنگدانەوەی سروشت و ژینگە كۆمەڵایەتییەكەیەتی. گەلێكجار یاسا و سیستەم و دابونەریتە كۆمەڵایەتییەكان دەبنە یاسا و مۆڕاڵی ئاینی، هۆكاری ئەو تێكەڵییەش، كۆبونەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئاینییە لە یەك كەسدا. لە ئاینی مەسیحیشدا ئەو دیاردەیە هەیە، بەتایبەتی كاتێك لە ئەوروپا بڵاودەبێتەوە، گەلێك

دیاردەی ئەو ئایینە هەمان دیاردەی ئایینی پێش سەردەمەکەیەتی، ڕواڵەتی ئەم ئایینەیان پێدراوە و بەپێی ئەو ئایینە پێناسە کراون، ئەوەش لە ئەنجامی پەیوەندیی دوقۆڵی و هاوبەش لە نێوان عەقڵی ئایینی و پرسی پێکهاتەی سایکۆلۆژیی تاك دێتەکایەوە (ارکون، ١٩٩٦، ٢٧).

لێرەدا دەتوانین پەیوەندیی نێوان ئایین و کەلتور دیاری بکەین بەوەی؛ ئایین بەشێکی گرنگە لە ژیانی کۆمەڵگا و دەچێتە چوارچێوەی کەلتوری ئەو کۆمەڵگایە، بەپێچەوانەوە کەلتور ناچێتە ناو چوارچێوەی ئایینی کۆمەڵگاکە، واتە ئایین بەشێکە لە کەلتور، بەڵام کەلتور بەشێك نییە لە ئایین (حنفي، ١٩٩٢، ٢٣).

کەواتە دەتوانین بڵێین، ئایین ڕۆڵ و کاریگەرییەکی قووڵی بەسەر ژیانی تاك و کۆمەڵگاوە هەیە. جومگە و ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی کەلتوریش ڕۆڵیان لە ئایین کەمتر نییە، چونکە بە تێپەربونی کات دەستکەوتن بە بەها و ڕێسا و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان، بەهەمان پێوەری پیرۆزی ئایینی، تاك پەیوەست دەکات بەخۆیەوە. هەندێك لە ڕەگەزە کەلتورییەکان دەچنە ناو ئایینەوە، کە سەرەتاکەیان لە ئایینەکەدا نەبوە و کاریگەریشیان لە دەستپێکردن و چەسپاندنی سەرەتای ئایینەکەدا نەبوە، وەك مۆراڵ و دەستورە ئایینییەکان (السواح، ٢٠٠٢، ٧١)، بۆیە ئایین کۆپیی کەلتوری کۆمەڵگاکە نییە و کارتێکردنەکانیشی دور نییە. هەر ئایینێك بەجۆرێك لە جۆرەکان، لەژێر کارایی کۆمەڵگای سەردەمی خۆیدا ڕەنگ دەگرێ و بە کەلتورە کۆمەڵایەتییەکەی بارگاوییە. هیچ ئایینێك لە دەسپێکیدا ناتوانێت تەواوی کەلتوری پێشینە کۆمەڵایەتییەکەی بسڕێتەوە و سیستەم و یاسایەکی ئایینی ئەوتۆ دابڕێژێت، کە هیچ پەیوەندییەکی بە کەلتورە کۆنەکەوە نەبێت. بۆیە لە هەمو ئایینەکاندا، ڕابردو لە ئێستادا ئامادەیە و هیچ ئایینێك نییە کە ڕابردو نەکات بەسەرچاوەی سەرەکی و هەمیشەیی خۆی (لێژێ، ٢٠٠٨، ٢٣٢)، ئەوەشە وای لە ئارکۆن کردووە، بڵێت، "ئەگەر لە ڕوی مێژوویی و جڤاکییەوە تەماشای پرسەکە بکەین، دەبینین زۆر گروپی نەژادی و کەلتوری، تەنیا بە ناوکە میافیزیکییەکانی ئیسلام و هەندێك گوزارشتی ڕێوڕەسمانەی ئیسلامەوە نەبێت، بەهیچی دیکەوە کاریگەر نەبوون" (١٩٩٦، ١١٥).

## تەوەری دووەم، پەیوەندیی نێوان کەلتوری عەرەبی و ئایینی ئیسلام

### ١-کەلتوری عەرەب پێش ئیسلام

شارەزابون لە ڕۆشنبیریی ئەوسەردەمەی عەرەبەکان بۆ ئێمە گرنگە، چونکە ئاشنابونە بەڕەوشی ئابوری و سەرچاوەی هزری واقعی کۆمەڵایەتی و خەیاڵدانە مێژووییەکە، کە بووە بە بنەمای پێکهاتەی یادەوەریی ئەو کۆمەڵگایە. پێویستە یاسا و مۆراڵ و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی بەر لە ئیسلام هەڵسەنگێنین، بۆئەوەی هێزی کۆمەڵایەتیی ئەو نەریتانە و ڕەنگدانەوەی لەناو مۆراڵی ئایینی تازە دیاریبکەین .

ژیانی خێڵەکی بەپێکهاتە و بەهاکانییەوە، بنەمای ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی سەرجەم ناوچەکانی نیمچەدورگەی عەرەب بو، بەشارەکانیشەوە (الملاح، ٢٠١٢، ٤٤٧)، چونکە شارنشینەکانیش بەشێك بوون لە خێڵە عەرەبە بیابان نشینەکان، بەهۆی سروشتی سەختی بیابان و بێئاوی و ڕودانی چەندین دیاردەی سروشتی، کۆچپیانکردبوو بۆ شارەکان. شەپۆلی ئەو کۆچکردنانە بۆ ناوچە بەپیتەکانی دۆڵی ڕافیدەین، یان بۆ شارەکانی نیمچە دورگەی عەرەبی بوو (الملاح، ٢٠١٢، ٤٣)، تەنانەت قورئانی پیرۆز ئاماژەی بەخەڵکی مەککە و مەدینە کردووە وەك دانیشتوانی گوندەکان (أهل القرى) (الحشر، ٧-١٤؛ الشريف، ١٩٨٥، ٣١٨)، چونکە سەختیی ژیانی دەشتەکی و بیابان، تەنها خۆراك و پۆشاکی پێویستی دابین دەکرد، کە بەردەوامی بە ژیان بدەن (ابن خلدون، ٢٠١٣، ١١٦؛ فيصل، ١٩٧٣، ١٣-١٤).

نیشتەجێی شارەکان، بنەما ڕەسەنەکانی کەلتوری خێڵەکییان هەڵگرتبوو، چونکە پێکهاتەی خێڵەکی لە پەیوەندییەکی بەردەوامدایە لەگەڵ نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکانی پێشینە. ژینگەی شارەکانیش بەدەر نەبو لە سروشتی کۆمەڵایەتیی ئەو ناوچەیە. تەنانەت دۆڵی مەککەش بۆ ژیان شیاو نەبو، ئەگەر بیری زەمزەم وەك ئاوی ژێر زەوی نەبوایە (الازرقي، ٢٠٠٣، ٥٦٠-٥٦١). لە ڕوی پێشکەوتن و ئاستی ڕۆشنبیریشەوە، بەئەندازەیەکی زۆرکەم نەبێت، جیاوازی لە نێوان شار و دەشتەکاندا نەبو (الرصافي، ٢٠٠٣، ٢٨٧)، چونکە سیمای خێڵەکییانەی کۆمەڵگای عەرەبی، لە شارەکانیش زاڵ بووە، کاتێك پەیامبەر کۆچی کردووە بۆ مەدینە، پێکهاتەی ئەو شارە چەند کۆمەڵگایەکی نیشتەجێ بووە و هەریەکەیان لە شێوەی گوندێکی سەربەخۆ بووە، وەك (قباء) لە باشور، (زهرة) لە ڕۆژهەڵات، (زبالة) و (راتج) لە باکور، یەثریبیش لە باشوری ڕۆژئاوای چیای ئوحود (الشريف، ١٩٨٥، ٣١٣؛ الملاح، ٢٠١٢، ٤٦٧). ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، خەسڵەت و سیما کەلتورییەکان، لای ڕەوەند و خێڵەکان کەمتر گۆڕانی بەسەر دادێت، هەریەك لە زمان و شێوازەکانی ژیان زیاتر بەردەوام دەبێت، چونکە دەمارگیری لای ئەوان زیاترە و بەو دابونەریتەوە پەیوەستن (ابن خلدون، ٢٠١٣، ١١٦).

بەدرێژایی مێژوو، خێڵەکانی نیمچەدورگەی عەرەبی ناکۆك و ناتەبا و لە شەڕدابون، ئەم ڕۆژانەش بە (أيام العرب) ناسراون (علي، ١٩٩٣، ٣٣٥/٥؛ حتى, ١٩٥١، ١١٣/١). لەخوێندنەوەی بەسەرهاتەکانی ئەو ڕۆژانە دەردەکەوێت، پەلاماردان و تاڵانکردن بەشێکبووە لە کەلتوری ئەو کۆمەڵگایە و بۆ ماوەیەکی درێژی مێژوویی ئەزمونیان کردوە، ئەو ئەزمونکردنە پرۆسەکەی کردووە بە بەشێك لە یادەوەریی و بووەتە کایەیەکی ڕۆحیی کۆمەڵایەتیی ئەوتۆ، بەئاسانی نەیانتوانیوە خۆیانی لێ بەدووربگرن. هەندێکجار بۆ پڕکردنەوەی ئەو لایەنە سۆزدارییە -کۆمەڵایەتییە، هۆکارێکی بچوك شەڕی خوێناوی گەورەی نێوان خێڵەکانی لێکەوتوەتەوە و چەندین ساڵ بەردەوام بووە. شەڕی (بەسوس) لەنێوان خێڵی بەکر و خێڵی تەغلەب، تەنها لە سەر حوشترێك ٤٠ ساڵی خایاند و هەزاران کەسی تێدا کوژرا (سالم، ١٩٨٨، ٤٣٠-٤٣١؛ جاد المولى بك، ١٩٨٨، ١٤٢). شەڕی (الفجار) لەنێوان هۆزی کنانە و هۆزی (قيس عيلان) لە هەوازن، خودی پەیامبەریش بەشداری ئەو شەڕەی کردووە، کە لە مانگە حەرامەکاندا ڕویدا (ابن هشام، ١٩٩٠، ٢٠٨/١-٢١١؛ ابن الاثير، ١٩٨٧، ٥٣٤/١-٥٣٥)، هەروەها شەڕی نێوان قەحتانییەکان و عەدنانییەکان لەسەر لێکردنەوەی گەڵامێو بو لە ڕەزی یەکتر. ئەوەی جێگەی سەرنجە، هەمان ئەو دوو هۆزە لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەم شەڕێکی دیکەی خوێناوی لەنێوانیان دروستبووە، بەکاریگەریی یادەوەری هەزار ساڵ زیاتر لە پێش ئەو ڕوداوە (علي، ١٩٩٣، ٤٩٣/١؛ الوردي، ٢٠٠٩، ٥٩).

ئەو شەڕانەی نێوان خێڵەکان، سیما و تایبەتمەندیی خێڵەکییانەی عەرەبەکانمان بۆ ڕوندەکاتەوە، ئەو ململانێیە تەنها لە نێوان خێڵە دەشتەکییەکان نەبوە، بەڵکو لە شارەکانیش هەمان دوبەرەکیی خێڵەکییانە هەبوە. جەنگی (سمير) لە نێوان هۆزی ئەوس و خەزرەج جەنگێکی ناسراوە، وەك دەگێڕنەوە ڕووداوی لەم شێوەیە لەنێو هیچ گەلێکدا ڕوووینەداوە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp322-333

کۆتا جەنگی نێوان ئەو دوو هۆزە، بە (یوم البعاث) ناسراوە، پێنج ساڵ پێش کۆچکردنی پەیامبەر بۆ ئەو شارە کۆتاییهات (ابن الاثیر، ١٩٨٧، ٥١٩/١؛ السمهودي، ٢٠٠١، ٣٨٤/١-٣٨٥). هەمو ئەو توندوتیژی و ناکۆکی و شەڕانە، بۆ کەمیی بەروبومە سروشتییەکان و سەختیی دابینکردنی گوزەران دەگەڕێتەوە (ابن خلدون، ٢٠١٣، ١٤١) .

تایبەتمەندیی پێکهاتەی خێڵایەتی لە هەموو نەتەوەیەکدا، ئازایەتی و هاوکاری کردن و ئارامگرتنە لە ڕووبەڕوو بونەوەی سەختیدا، توند و بەهێزن و بەرگەی دژواری دەگرن، لە شەڕدا پاشەکشە ناکەن و توندوتیژ و بەجەرگن، بۆیە ژیان لای ئەوان ئەو بەهایەی نییە وەك لای شارنشینەکان (الرصافي، ٢٠٠٣، ٢٨٧)، چونکە هەر خێڵێك بنەمای خوێن و گۆشت و خزمایەتی بەیەکیان دەبەستێتەوە، ئەو هاوبەشی ڕەچەڵەکە وایدەکرد بەبێ کاریگەریی هێزی دەرەکی، پەیوەستەگی لەنێوان ئەندامانی خێڵ دروست بکات، هەر ئەو پەیوەندییەش بووە هۆی دەرکەوتنی یاسا باوە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندیی تاکەکان ڕێکدەخات. دەبینین پەیوەستبونی تاك، لەخێڵدا، بەو یاسا عورفییانەوە، زۆر بەهێزترە لە پەیوەستبونی تاکی شارستانی بە یاساکانی سیستەمی سیاسییەوە (الشریف، ١٩٨٥، ٣٦)، چونکە خوڕەوشت و سروشتی پایە کۆمەڵایەتییەکان لای کۆمەڵگای خێڵەکی، لە یاسا و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوە دەگرێت .

خێڵەکان غەزوی یەکتریان دەکرد. تاڵانی، تایبەتمەندی خێڵە سەرکەوتوەکان بوو لەشەڕەکانیان، دەستیان بەسەر زەوی و سامانی یەکتردا دەگرت، ژن و پیاو و منداڵی یەکتریان دەکردە کۆیلە (الأصفهاني، ١٩٥٢، ٣٤٩/١٤؛ الرصافي، ٢٠٠٣، ٢٢-٢٨٩)، شاعیری بەر لە ئیسلام، عەمری کوڕی کەلسوم لە دێڕە شیعرێکدا ئەو نەریتەی عەرەبەکانی دەرخستووە و دەڵێت:

فآبوا بالنهاب وبالسبايا... وأبنا بالملوك مصفدينا (القرطبي، ٢٠٠٣، ٤٣٠/١).

لە کۆمەڵگای خێڵەکیدا، بە پێی یاسا کۆمەلایەتییەکان، سەرۆکی خێڵ پێگەیەکی گرنگی هەبوو لەچارەسەر کردنی کێشە ناوخۆییەکان، ئەویش تالانییەکانی دابەش دەکرد (علي، ١٩٩٣، ٣٤٣/٤-٣٤٤)، لەهەموو دەسکەوتەکانیش چواریەکی پێدەدرا، سەرەڕای ئەوەی باشترین کەلوپەلەکانی بۆخۆی هەڵدەبژارد پێش دابەش کردن (ابن الاثیر، ١٩٨٧، ٤٨٨؛ ابن حزم، ١٩٤٨، ٢٨٤).

بە گشتی کەسانی خێڵەکی شەڕانگێز و توندوتیژن، ڕێز لە تاڵانی و شەڕ دەگرن، ڕقیان لەو بژێوییەیە، کە لە ڕێگەی ئیشەوە دەست دەکەوێت ( ابن خلدون، ٢٠١٣، ٣٣؛ الوردي، ٢٠٠٩، ١٣)، چونکە سروشتی جەنگ بەشێکە لە سروشتی پێکهاتەی خێڵایەتی، هەمیشە شانازی بەهێزو زاڵدەستی دەکات، بەردەوام ساز و ئامادەبون بۆشەڕی لەناکاو و دەسگرتن بەسەر کەلوپەلی هێزی بەرامبەردا (الشریف، ١٩٨٥، ٨٩). کاتێك جەنگی لەگەڵ دوژمنەکانی کۆتایی بێت، دەستدەکات بە شەڕ و ململانێ لەگەڵ کۆمەڵێکی ناو خێڵەکەی خۆی، (قطامي) شاعیر، پێش ئیسلام لە دێڕە شیعرێکدا گوزارشت لەو لایەنەی کەلتوری خێڵەکی دەکات، دەڵێت: "واحیانا علی بکر أخینا اذا لم نجد الا اخانا" (المرزوقي، ١٩٩١، ٣٤٩/١). چونکە دیاردەی شەڕ هۆکاری پەیوەستبونی تاك بووە بەخێڵەکەیەوە، لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە مەترسیی خێڵەکانی دیکە (الشریف، ١٩٨٥، ٤٢) .

سروشتی توندوتیژی ئەو خێڵانە، بۆ سروشت و ئاووهەوای دژوار و سامناکیی بیابان دەگەڕێتەوە. غەریزەی مانەوە و پێداویستیی تێرکردنی مێگەلەکانیان، کە سەرچاوەی بژێوی ژیان بووە، بەرەو شەڕ و تاڵانی و پێکدادانی بەردەوامی ناوخۆیی بردوون، بۆیە بەشی هەرە زۆری داهاتەکانیان لەم ڕێگەیەوە دەستەبەر دەکرد، واتە تاڵانی و دەستگرتن بەسەر موڵك و سامانی هێزی بەرامبەر لەتێڕوانینی عەرەبە خێڵەکییەکان تاوان نەبوە (الشریف، ١٩٨٥، ٩٣؛ الوردي، ٢٠٠٩، ٥٣-٥٤) .

دەمارگیری و پەیوەندییەکانی خوێن لە کەلتوری خێڵەکیدا، بنەمای سەرەکیی پێکهاتەی کۆمەڵگایە، ئەستەمە بوو بیروباوەڕی ئایینیش بەسەر ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەدا زاڵبێت،. زۆرجار ئەو دەمارگیرییە کۆمەڵایەتییە ئاراستەی باوەڕی ئاینی گۆڕیوە، بەو مانایەی ئەو کەلتورە کاریگەریی لەسەر تێگەیشتنە ئایینییەکەش هەبوە. ئیبن سەعد دەگێڕێتەوە، کاتێك سەرکردەکانی قوڕەیش ویستیان پەیامبەر بکوژن، بەنی هاشم و نەوەی عەبدولموتەلیب ئامادەییان تێدابوو پاڵپشتی پەیامبەر بکەن و بیپارێزن، شەوێك لە کاتی دیارنەمانی پەیامبەر، گەنجەکانی ئەو دوو تیرەیە بڕیاریاندا بچنە مزگەوتی حەرام، ئەگەر پەیامبەر کوژرابوو، پیاوە گەورەکانی قوڕەیش بکوژن، تەنانەت بڕیاریاندا ئەبوجەهلیش بکوژن (٢٠٠١، ١٧٢/١)، هەرچەندە ئەمانە نەبوونە موسوڵمان و لە سەر ئایینی ئەبوجەهل بوون، بەڵام کەلتوری خوێن و خزمایەتی زاڵبوو بەسەر کەلتوری ئایینی و بەها کۆمەڵایەتییەکان ئاراستەی ئەو کەسانەی دەکرد، بێئەوەی گوێیدەنە باوەڕی ئایینی (ابن ابي الحدید، ١٤٠٤، ٣٥).

کەواتە یادەوەریی کۆمەڵایەتی، یادەوەرییەکی کەلتورییە و لە خۆناوانێکی بەردەوامدایە، لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی گروپ یان کۆمەڵ، هەوڵی دروست کردنەوە و خۆڕێکخستنەوەی تێگە مێژوویی – مەعریفییەکەی دەدات و ڕابردوو بەئێستاوە گرێ دەدات. بۆیە تازەگەرێتی، یان سەرهەڵدانی باوەڕێکی نوێ، ئەگەر ئایینیش بێت، ناتوانێت تێکڕای ڕەگەزە داکراوەکانی یادەوەری بسڕێتەوە و کەلتورێکی نوێی دوور لە کاریگەریی بەها پێشینەکان دابهێنێت. لەمەوە ئارکۆن دێتە سەر ئەو باوەڕەی ئەوەندەی دژیەکی لە نێوان کەلتوری کۆن و باوەڕی داهێنراودا دروست دەبێت، ئەوەندەش بەها پێشینەکان لە هەوڵی خۆنوێکردنەوەدان لەناو باوەڕە داهێنراوەکەدا. بایەخدان بە پەندی پێشینان لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا، نمونەیەکی ڕونی ئەو حاڵەتەیە (١٩٩٦، ٢١٦). مانای ئەوەیە گەڕانەوە بۆ پەندی پێشینان، گەڕانەوەیە بۆ ئەزمون و بەها کۆمەڵایەتییە داکراوەکان لە یادەوەریدا، کە پێکهاتەی بەها کەلتورییەکانی ئەو کۆمەڵگایەن و شانازی کردنیشە بەو ئەزمونە.

بۆیە دەتوانین بڵێین بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگا خێڵەکییەکاندا جێگیرتر و چەسپاوترن، وەك لە کۆمەڵگایەکی دیکە؛ تاکی خێڵەکی بەشێوەیەکی بەهێزتر بەو بەهایانەوە پەیوەستە. چونکە قولاییەکی مێژوویی هەیە، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بنەمای مانەوە و هێزی بەیەکەوە هەلکردنی کۆمەڵگابووە، وەك وەردی دەڵێت، "تاکی خێڵەکی پەیوەستە بەخێڵەکەیەوە تا ئەوپەڕی پەیوەستەگی، چونکە پێیوایە هۆکارێکە بۆ مانەوە و پاراستنی کەسایەتیی" (٢٠٠٩، ١٢)، ئەمە هۆکارێکە لە ئاسانکاری بۆ پێناسەکردنی تایبەتمەندیی پێکهاتەی خێڵەکی، کە تایبەتمەندییەکانی تاڕادەیەك نەگۆڕە و ئەمڕۆی لە (١٠٠) ساڵی لەمەودوای دەچێت، یان (١٠٠) ساڵی داهاتووی وەك ئەمڕۆیە (الوردي، ٢٠٠٩، ٣٤). قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی بەو پەیوەستەگییە کردووە، کە عەرەبەکان نەیاندەویست واز لەو بەهایانە بێنن، کە نەریتی باوانیانە، وەك دەفەرموێت:

﴿بَلْ قَالُوا إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَىٰ أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَىٰ آثَارِهِمْ مُهْتَدُونَ﴾ (الزخرف،٢٢) .

## ٢-ڕۆڵی غەنیمە لە هاندانی عەرەبەکان

لە کۆمەڵگای عەرەبیدا، نەریت ببووە سیستەمێکی جێگیر؛ پێیانوابوو بەشێکە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاینییان. ئیبن خەلدون ئاماژەیەکی روونی بە خۆسەپێنی کەلتور کردووە لە کۆمەڵگادا، دەڵێت: "مرۆڤ دەبێتە نەوەی خووڕەوشتی باوان و ئەو نەریتانەی لە سەریان ڕادێت، نەك نەوەی سروشت و میزاجی خۆی، بەشێکی زۆری ڕەفتارەکانی، لە پێشینەی باوانییەوە بۆی ماوەتەوە (٢٠١٣، ١٢٠)، بۆیە نکوڵی کردن لەو سیستەمە و سڕینەوەی ئەو بەهایانە لە لایەن پەیامبەرەوە ئەستەمبوو، بەتایبەتی لە دەسپێکی بانگەوازدا، دەسگرتنی بە بەها کۆمەڵایەتییەکان، خوێندنەوەیەکی بابەتییانە بووە بۆ سەرکەوتنی بانگەوازەکە (الشريف، ١٩٨٥، ٧٨).

کاتێك قوڕەیشەکان داوایان لەپەیامبەر کرد واز لە ئاینەکەی خۆی و بتەکانی ئەوان بێنێت، پەیامبەر فەرمووی: "ئەگەر بەو داواکارییە ڕازیم، وشەیەکیان پێدەدەم، کە عەرەب لە خۆبگرێت و عەجەم ملکەچ بکات" (ابن سعد، ٢٠٠١، ١٧٢/١؛ ابن هشام، ١٩٩٠، ٦٦/٢). ئەمە وردبینی و خوێندنەوەی دروستی کەسایەتی پەیامبەرە بۆ ئەو ڕاستییە کۆمەڵایەتییە، چونکە لە کەلتوری خێڵەکیدا، هێز ناوەندی ڕامان و دەسەڵات و زاڵبون بوو، جەنگ سروشتی پێکهاتەی خێڵایەتی بوو، شانازی کردن بەهێز و ئازایەتی، لە یادەوەریی ئەو کۆمەڵگایەدا کارا بوو (الشريف، ١٩٨٥، ٨٩). واتا ململانێی زاڵبوون و سەرکەوتن وەك سروشتێکی گشتیی خێڵ، کەم یان زۆر کاریگەریی بەسەر کەسایەتی تاکی خێڵەکییەوە هەبووە، چونکە تاکی خێڵەکی لە ناخی دڵییەوە حەزدەکات هەمیشە زاڵبێت (الوردي، ٢٠٠٩، ٤٢). ئەم گوتارەی پەیامبەر گوزارشتە لە بەرهەمهێنانەوەی زاڵێتی و خۆسەپێنی سروشتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکەی، نایەوێت داکراوەکانی یادەوەری فەرامۆش بکات، بەڵکو دەیەوێت هێز و زاڵدەستێتی بکاتە فاکتەری ڕازیکردنی عەرەبەکان بۆ جێکردنەوەی بانگەوازەکەی، چونکە دەزانێت بەشێکە لە تێرکردنی ئارەزوی کۆمەڵگای خێڵەکی و سروشتی زۆربەیانە. لە لایەکی دیکەوە ماڵ و سامانی کیسرای خستووەتە بەردەستی خێڵە عەرەبەکان. ئەو مەبەستەی لە گەلێك دیداری کەسایەتییەکان دەرخستووە، وەك ئەوەی هەستێکی دەروونی شاراوە بێت، بێویستی خۆی دەرببڕێت .

ئەو ئامانجە لە گێڕانەوەیەك دەردەکەوێت، کاتێك لەگەڵ ئەبوبەکر کۆچی کرد بۆ مەدینە، قوڕەیش بۆ دۆزینەوەی (١٠٠) حوشتریان کردە دیاری. (سوراقەی کوڕی مالك) توانی بیدۆزێتەوە، کاتێك سوراقە پەیامبەری بینی، داوایکرد نوسراوێکی سەلامەتیی بۆ بنوسێت، ئەگەر بووە پاشا تەنها ڕێزی بگرێت، تا قوڕەیش ئاگادار نەکاتەوە، ئەویش نوسراوەکەی بۆ نووسی. کاتێك سوراقە دەیەوێت بڕوات، پەیامبەر پێیدەڵێت، ئەی پێتچۆنە ئەگەر بازن و زێڕ و خشڵی کیسرای کوڕی هورمز بپۆشیت؟ (ابن هشام، ١٩٩٠، ١٣٠/٢-١٣١؛ ابن الاثير، ١٩٨٧، ٦/٢).

کاتێکیش (عودەی کوڕی حاتەم) سەردانی پەیامبەری کرد، داوای لێکراوە ببێتە موسوڵمان، ئەویش ڕەتی کردەوە، پەیامبەر پێیگوتوە: "ناتەوێت ببیتە هاوەڵی کەسانێك کە لاوازن و هێزیان نییە، کە لێرە دەیانبینی و فرێدراون، ڕۆژێك دێت ئەوەندە پارەیان لێ زیاد دەبێت کەس نەبێت بیبات" (ابن اسحاق، ٢٠٠٤، ٦٥٢/٢؛ الطبري، ١٩٦٧، ١١٤/٣) .

لە م تێڕوانینەوە پەیامبەر لە فەتحی مەککەدا کاتێك بەلای ئەبو سوفیاندا ڕۆیشت، فەرمووی، ئەبو سوفیان، ئەمرۆ ڕۆژی ڕەحمەتە، خودا قوڕەیشی تێدا سەربەرز دەکات (الواقدی، ١٩٨٤، ٨٢٢/٢))، مەبەستییەتی بڵێت، ئاینێکی نوێیان ڕاگەیاندووە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە دەست لە بەها کۆمەڵایەتییەکان هەڵگرین و تەواوی نەریتە داکراوەکانی یادەوەری بسڕینەوە.

سەرەڕای شارەزایی و خوێندنەوەی وردی پەیامبەر بۆ واقیعی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکەی، شارەزای سروشتی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکەشی بوو، لە کتێبەکانی سیرەدا زۆر نمونەی ڕوون هەیە خواستی هۆز و خێڵەکان لە موسوڵمانبونییان دەخەنەڕو، زۆرێك لەو هۆزانەی پەیامبەر داوای لێکردون ببنە موسوڵمان، وەلامێکی باشیان نەبوە و داوای دەسکەوت و دەسەڵاتدارێتییان کردووە، وەك خێڵەکانی (كندة)، (كلب)، (بني حنيفة)، (بني عامر بن صعصعه). لەکاتی سەردانی کردنیان بۆ شاری مەککە، پەیوەندییان پێوە کراوە و داوای موسوڵمانبوونیان لێکراوە، بەڵام نەبونە موسوڵمان. (بيحرەی کوڕی فراس) لە هۆزی (بنی عامر بن صعصعه)، بەهۆزەکەی خۆی گوت "سوێند بێت ئەگەر ئەو لاوە لە دەست قوڕەیش دەربهێنم، دەتوانم دەست بەسەر هەمو عەرەبدا بگرم". ئینجا دەچێتە لای پەیامبەر بەڵێنی پشتیوانی پێدەدات، بەومەرجەی ئەگەر خودا سەریخست دەبێت دەسەڵات بۆ ئەوان بێت، بەڵام کاتێك پەیامبەر ئەو داوایەی ڕەتکردەوە، پێیانگوت: "دەتەوێت ئێمە لایەنگری تۆ بکەین و ئەگەریش سەرکەوتی دەسەڵات بۆ کەسانی دیکە بێت؟ ئێمە پێویستمان بەو کارەی تۆ نییە" (ابن هشام، ١٩٩٠، ٧٣/٢). کۆمەڵێك هۆزی دیکە هاتنە لای پەیامبەر، داوایانکرد لە بەرامبەر موسوڵمانبون، ئەگەر سەرکەوت هەندێك زەوییان لە شام پێبدات (الحلبي، ١٩٣٢، ٢٩٥/٣). نمونەی هاوشێوەی دیکە لە ژیاننامە زۆرن، پەیامبەریش هۆزەکانی وەك خۆیان دەناسی، دەیزانی ئامانجی موسوڵمان بونیان چییە، هەروەها دەیزانی ئەو خواستە بەشێکە لە کەلتوری ئەو کۆمەڵگایە و مانایەکی رۆحی بۆ ئەوان هەیە، بۆیە نەدەکرا بەها و نەریت و خواستی مادی و مەعنەویی ئەو هۆزانە بەتەواوی ڕەتبکاتەوە .

هەرچەندە ئاینی ئیسلام لەسەر دەستی ئەنسارەکان گەشەی کرد و بەهێزبوو، بەڵام سەرەتای موسوڵمانبونی ئەوانیش بنەمای باوەڕ و عەقیدە نەبوە، ئەوەندەی پاڵنەری بەرژەوەندی و پێشینەی ململانێیان بووە لەگەڵ جولەکەکان، چونکە پێش ئیسلام، جولەکەکان بەردەوام هۆزەکانی ئەوس و خەزرەجیان دەترساند بە دەرکەوتنی پەیامبەرێك، کە لە سەردەستی ئەو تۆڵەی خۆیان لە عەرەبەکان دەکەنەوە، بۆیە پێش جولەکەکان دەستپێشخەربوون لە پەیمانبەستن لەگەڵ پەیامبەر (ابن هشام، ١٩٩٠، ٧٧/٢). پێدەچێت ململانێ و ناکۆکیی نێوان شارەکانی مەککە و مەدینە، هۆکارێکی دیکەی پشتیوانان بێت لە موسوڵمانبون (مروة، ٢٠٠٢، ٣٩٩/١). کەواتە موسوڵمانبوونی ئەو دوو هۆزە لە سەر بنەمای مەترسی بووە لە ڕکابەرەکانیان، نەك لە پڕێکا، بەبینینی پەیامبەر و بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز باوەڕیان بەئاینی تازە هێنابێت. چۆن دەکرێت لە پڕێکدا بتەکانیان تێکبشکێنن و دەست لەنەریتی پێشینانیان هەڵبگرن؟ تەنانەت بیروباوەڕی ئاینیش لەو سەردەمە، نەیتوانیوە ناکۆکیی نێوان ئەو دوو شارە بسڕێتەوە، لە پاڵ باوەڕی ئاینی، بەرژەوەندیی ئابوری و پێگەی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی گرنگیان لە پەرەسەندنی ئەو ناکۆکییەدا هەبووە، وەك ئیبن هشام ئاماژەی بەوە کردوە، (بەنو متعەب) لە ثقيف ماڵێکیان دروست کردبوو بۆ پەرستنی (اللات)، بەهەمان شێوەی کەعبە تەماشایان دەکرد، تەنانەت خزمەتکار و دەرگاوانیشیان بۆ دانابوو (١٩٩٠، ١٠٢/١)، سەقیفییەکانیش پشتیوانی ئەبرەهەیان

کرد، کاتێك هێرشی کردە سەر شاری مەککە بۆ تێکدانی کەعبە (ابن اسحاق، ٢٠٠٤، ١١٢/١؛ ابن هشام، ١٩٩٠، ٦٣/١).

لە گێڕانەوەی دیداری پەیامبەر لەگەڵ هەندێك لە کەسوکاری شەیبانی کوڕی ثعلبة، کاتێك پەیامبەر داوای موسوڵمانبوون و پشتگیریی لێکردن، موسەنای کوڕی حاریسە پەیامبەر ئاگادار دەکاتەوە لەوەی، پشتگیری ناکەن لە سەرخستنی بۆ ئەودیو ئاوی عەرەب و ڕوبارەکانی کیسرا، چونکە لە گەڵ کیسرا پەیمانیان هەبوو، کە هیچ کارێك نەکەن دژی ئەوان و کەسیش لەخۆ نەگرن. پەیامبەر وەڵامیان دەداتەوە، ڕاستگۆ بوون لە دەربڕیندا، ئەگەر ئایینی خودا لە هەموو لایەکەوە پشتیوانی نەکرێت سەرناکەوێت، چاوەڕێکەن، خودا چۆن سامان و زەوییەکانتان پێدەبەخشێت و ژنەکانیانتان بۆ مەیسەر دەکات، ئەوکاتە سوپاسی خوا دەکەن (ابن کثیر، ١٩٧٦، ١٦٨/٢). لەو گێڕانەوەیەدا سەرەڕای کەلتوری هێز و خۆسەپاندن، پەیامبەر دەیەوێت بچێتەوە ناو یادەوەری کۆمەڵگا و دەسکەوت و غەنیمەکانیان بیربخەتەوە بۆ پشتگیری کردنی، دەتوانێت ئامانجەکەی بپێکێت و ڕەگەزی سەرەکیی کەلتوری کۆمەڵگا بجوڵێنێت، چونکە لە درێژەی گێڕانەوەکەدا، یەکێك لە ئامادەبوان شاگەشکە دەبێت بەو گوتارە و دەڵێت، خودایە ئەمە بکەیت. ئەمەش زیندووکردنەوەی دەسکەوتی شەڕەکانی نێوان خێڵەکانە، وەردی سەرنجێکی ڕوونی دەربارەی ئەو سروشتە هەیە و پێیوایە، سەرکەوتن و تالانکاری سروشتی ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتیی سیستەمی خێڵایەتییە، کە خێڵەکان لە سەری ڕاهاتوون، ئەمەش وایکردووە تێڕوانینی تایبەت بە خۆیان هەبێت لەسەر ئایین و هەر باوەڕێك، بەشێوەیەك شوێنی ئەوەیان بۆ بکاتەوە (الوردی، ٢٠٠٩، ١٠٣) . بەشێك لە هۆز و تیرە عەرەبەکان، لە هەندێك ناوچە و هەرێمە عەرەبییەکان فشار و هەڕەشەی فارسەکانیان لە سەر بوو، بۆیە پەیامبەر لە زۆربەی چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ تیرەکاندا، هاوشانی بانگەشەی یەکتاپەرستی، ئایینەکەی کردووەتە هۆکارێك بۆ سەرکەوتن بەسەر فارسەکاندا، ویستویەتی لەم ڕێگەیەوە هەستیان بجوڵێنێت و سەرەڕای دەسکرتن بەسەر ماڵ و موڵك و ژن و منداڵەکانیان، خەونی زاڵبوون بەسەر فارسەکانیان بۆ بێنێتەدی. بەو مانایەی هەمیشە چێژی مەعنەویی بە بەرامبەرەکەی بەخشیوە، بۆ قبوڵکردنی بانگەوازەکەی. لە دیداری بەکری کوڕی وائیل، هەمان حاڵەتەکانی پێشوو دوپات دەکاتەوە، کاتێك لە گەڵ ژمارەیەك لە خەزرەجییەکان هاتبوە مەککە بۆ ئەنجامدانی حەج. پەیامبەر پرسیاریان لێدەکات توندوتۆڵیتان چۆنە؟ لە وەڵامدا پێیدەڵێن ژمارەمان زۆرە وەك ئەستێرە، بەڵام لە بەرامبەر فارسەکان هەژمونمان نییە و ناتوانین لەوان پارێزراو بین. پەیامبەر ئامۆژگارییان دەکات، ئەگەر پشت بەخودای تاکوتەنها ببەستن دەتانپارێزێت، تاوەکو دەچنە ماڵەکانیان و دەچنە لای ژنەکانیان و منداڵەکانیان دەکەنە کۆیلە، ئەوکاتە سوپاسی خوا دەکەن (ابن کثیر، ١٩٧٦، ١٦٨/٢). لە گێڕانەوەکەدا دەردەکەوێت بە پشتیوانیکردن لەو ئایینە، دەبنە میراتگری خۆشگوزەرانیی فارسەکان و دەتوانن باڵادەستیی خۆتان بەسەریاندا بسەلمێنن، کە ئەمەش بەشێکی گرنگی کەلتوری خێڵایەتیی عەرەبەکانە.

لە شەڕی (ذات السلاسل)ی ساڵی هەشتەمی کۆچی، پەیامبەر بە (عەمری کوڕی عاص) دەڵێت، "دەمەوێت بتنێرم بۆسەر سوپایەك خودا غەنیمەت پێدەبەخشێ و پارێزراوت دەکات"، عەمر دەڵێ: "من بۆ ئەوە نەبوومەتە موسوڵمان، ئەویش پێیدەڵێت پارەی چاك بۆ پیاوی چاکخوازە" (الحلبي، ١٩٣٢، ٢٦٦/٣)، لە شەڕی تەبوکیش بەهەمان شێواز هانی باپیری قەیس دەدات بۆ بەشداریکردنی لەو شەڕە، پێی دەڵێت: "ئەی باپیرە، لە گەڵمان بەشدار نابیت، تا کچە قژزەردەکانی بەنی ئەسغەر بۆخۆت ببەیت؟" لە وەڵامدا دەڵێت: "ئەی پەیامبەری خودا، ئایا ڕێگەم پێدەدەیت ئەوانە بخەمە دوای خۆم و لە دەستم دەرنەچن؟ کەس لە من زیاتر حەزی لە ژن نییە، دەترسم ئەوان ببینم و نەتوانم ئارام بگرم" (ابن هشام، ١٩٩٠، ١٥٦/٤).

ئایینی ئیسلام لە پانتاییەکی کۆمەڵایەتی سەریهەڵداوە و ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە، واقعی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ڕۆڵیان لە ئاراستەکردنی ئایندارەکان هەبووە، واتە بیروبۆچونە ئایینییەکان چەندە کارایيان هەبووە لە سەر گۆڕینی بەها کەلتورییەکان، واقعە کۆمەڵایەتییەکەش هەوڵی خۆپاراستن و جێخۆکردنەوەی داوە لە ناو ئایینەکەدا، چونکە ئایینەکە بۆ جێگیربونی پێگەی خۆی، نابێت تەواوی بەها داکراوەکانی ناو یادەوەری کۆمەڵگا فەرامۆش بکات و بیانسڕێتەوە، بەڵکو دەبێت لە گەڵ هەندێکیان خۆی بگونجێنێت، جۆرج زمیل جەخت لەوە دەکاتەوە، کە کەلتورە مێژووییەکە، لە نێو وشیاریی مرۆڤەکاندا ئایین دروست دەکات (وەرگیراوە لە، لێژێ، ٢٠٠٨، ١٥٧). هاندانی عەرەبەکان لە لایەن پەیامبەر، لەسەر شێوازی کەلتوری پێشینە، بۆ ئەوەیە هەستی ململانێی ناوەکی تیایاندا گەشە نەکات و ناجێگیریی سایکۆلۆژی تیایاندا دروست نەبێت، دەیزانی ناتوانێت بەئاسانی کەلتوری ڕەسەنی خێڵە عەرەبەکان فەرامۆش بکات و کەلتوری نوێی ئایینەکە جێگیر بکات، شارەزای کاریگەریی کەڵەکەبونی دو کەلتوری جیاوازیش بو لە بونەوەرێکدا، کە ڕەوشێکی چەند ناتەندروست بەرهەمدێنێت لەو بونەوەرەدا. بۆیە غەنیمە وەك داکراوێکی یادەوەریی ئەو کۆمەڵگایە دەکاتەوە چەکێك بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی و پشتگیری کردنی خێڵە عەرەبەکان. توێژەرێك گەیشتوەتە ئەو ئەنجامەی، کە پەیامبەر بەقووڵی لە فەرهەنگی کۆمەڵگاکەی گەیشتوە و ئاگاداری نەهامەتی و گرفتەکانی بووە، شارەزایی و کارامەیی لە بەها و خوونەریت و کەلتوری خێڵنشینەکانیش هەبووە (الملاح، ١٩٩١، ٩٦).

لە زانستە مرۆییە هاوچەرخەکاندا، کاریگەریی پەیوەستبوونی بونەوەرێك بە دو بەها و کەلتوری جیاواز ڕونکراوەتەوە، کە دۆخێکی هاودژی ئەوتۆ لە بونەوەرەکەدا دروستدەکات، ئەکتەرێکی خاوەن دو کەسایەتی و دو عەقلییەت و دو شوناسی جیاواز بەرهەم دەهێنێت (لێژێ، ٢٠٠٨، ٣٨٤؛)، ئارکۆنیش جەخت لە وە دەکاتەوە، کەڵەکەبونی ئەزمونگەرییانەی دو شێوازی کەلتوریی جیاواز لە کۆمەڵگایەکدا، جۆرە ململانێ و پشێوییەك دروست دەکات (١٩٩٦، ٢٠)، چونکە خوڵقاندنی دو بونیادی جیاوازە لەسەر کەسێتیی مرۆیی، هەریەکەیان ئەوی دیکە ڕەتدەکاتەوە.

### تەوەری سێیەم، ڕۆڵی یادەوەری لەبەرهەمهێنانەوەی غەنیمە لە سەردەمی پەیامبەر

پێشتر ئاماژەمان بە ڕۆڵی یادەوەری کرد لە پاراستنی کەلتور و نەریتە پێشینەکاندا، کە بە ئەزمونکردنی مێژووییانەی مرۆڤ بەخۆیەوە پەیوەست دەکات، ئەو کەلتورەی کردووەتە کایەیەکی پیرۆز و تێڕوانینێکی گشتگیری کۆمەڵایەتیی ئەوتۆ، کە سیستەم و مۆڕاڵی کۆمەڵگا دابڕێژێت، دواجار وەك ڕەهەندێکی پێکهێنەری ئایینیش خۆی دەربخات و لە چوارچێوەی مۆڕاڵە ئایینییەکە خۆی بەرهەمبێنێتەوە، چونکە دواجار ئەگەر لە دەرەوەی ئایین بڕوانینە چەمکی پیرۆزی، بەرهەمی وێناکردنی مرۆڤە بۆهێزە باڵا و کاریگەرەکان، ئەو هێزانەی باڵا و بەتواناترن لە ئیرادە و توانستی مرۆڤ (نادر، ٢٠١٨، ٢٥)،

لێرەوە نەریت و بەها كۆمەڵایەتییەكانیش، بەشێوەیەك ڕیشەیان داكوتاوە و ئەوەندە بەهێز بوون، تاك خۆی لاواز دەبینێت لە بەرامبەریدا، چونكە پێگەیەكی ئەوتۆی دروست كردووە، وێنایەكی پیرۆزی لە یادەوەریی تاك نەخشاندوە و بەئاسانی ناتوانرێت فەرامۆش بكرێت (قەرەداغی، ٢٠١٢، ١٥-١٦). لەم گوزارشتەوە دەتوانین بڵێین، پێگەی ئایین چەند بەهێز بێت بەرامبەر سڕینەوەی كەلتوری پێشینە، لە بەرامبەردا كەلتوریش ئامادەیی هەیە و بەشدارە لەبنیادنانەوەی سەرلەنوێی ئایینەكە، یان داڕشتنەوەی ناسنامەی خۆی لە ناو ئایینەكە، بەشێوازێكی جیاوازتر لەوەی پێشو.

لە مێژوی سەرەتاكانی ئیسلام تێبینی ئەوە دەكرێت، خەیاڵی كۆمەڵایەتییانەی ئیسلام، هەمان كەلتوری داكراوی یادەوەریی كۆمەڵایەتییانەی عەرەبە لە پێش ئیسلامدا، چونكە باوەڕە ئایینییەكە كاتێكی ئەوەندەی بەسەردا تێنەپەڕیوە، تا پیرۆزییەكەی بایی ئەوەندە خۆی بچەسپێنێت و زاڵبێت بەسەر ئەو پەیوەستەگییە كەلتورییەی مێژوویەكی درێژی هەیە لە ئەزمونكردندا، نمونەی ئەمە غەنیمەیە. ئەگەر غەنیمە بەر لە ئیسلام بەشێك بوبێت لە كەلتوری هۆزەكانی عەرەب، لە ئایینی ئیسلامدا ئەو پرۆسەیە دەبێتە پرۆژەیەكی ئایینی و سەروەرێتیی باڵای خودایی دەكاتە پاڵپشتی خۆی، چونكە هەمو ئەوكارانەی لە سەردەمی پەیامبەر ئەنجام دەدرا، كۆمەڵە كار و دەستپێشخەرییەك بون، كە لە لایەن خوداوە فەرمانیان پێكرابوو (اركون، ١٩٩٦، ١٦٧) .

توێژەرێكی بواری مێژووی ئیسلامی جەخت لەوە دەكاتەوە، ئیسلام بەهۆی گشتگیرییەكەی، ڕوانگە و تێگەیشتنی جیاوازی لای موسوڵمانە یەكەمینەكان دروستكرد. هەریەكێكیان هەستیان بەوە دەكرد بنەما و ڕێنماییەكانی ئەو ئایینە، دەتوانێت پێداویستییەكانی ژیانیان پڕبكاتەوە، لە ڕوی ڕۆحی، یان لە بواری كۆمەڵایەتیی و ئابورییەوە (الملاح، ١٩٩١، ١١٦)

كەواتە پرۆسەی غەنیمە، كردارێكە لە دو سەردەمی جیاوازدا. لەوێدا بەهایەكی كۆمەڵایەتی ئەوتۆ، كە ئازایەتی و بەهێزی نیشاندەدا. لێرەدا پرۆژەیەكی ئایینییە و كۆمەڵگای ئیسلام ئەزمونی دەكات، هەرچەندە تێڕوانینی ئایینییانە بۆ ئەم بابەتە جیاوازە، بەڵام بە ڕوانینی مێژوویییانە، كاریگەریی سایكۆلۆژییەتی چەپێنراوی ڕابردووە و هەمان تاكی ڕابردوش ئەزمونی دەكات. تەنانەت ئایینی ئیسلام لە ڕوی باوەڕیشەوە نەیتوانیوە هەمو باوەڕە كۆنەكان تێپەڕێنێت، ئاركۆن دەڵێت، "ئایینی ئیسلام ژمارەیەكی زۆری كۆڵەكەی سیمبولی لە باوەڕی پێش خۆی وەرگرتووە، ئاوێتەی خۆی كردووە و وێنای كردوەتەوە" (اركون، ١٩٩٦، ١٠٢).

كاتێكیش موسوڵمانان كۆچیان كرد بۆ مەدینە، ماڵ و سامانیان جێهێشت. پەیامبەر ناچاربو ڕووبەڕوی ئەو واقیعە كۆمەڵایەتییە ببێتەوە و سیستەمێكی نوێ دابڕێژێ بۆ چاككردنی گوزەرانی ئەو خەڵكە. واتە ئایینی نوێ نەیدەتوانی تەنها لە چوارچێوەی بیروباوەڕی ئایینی بوەستێت، بەڵكو ئەركی گوزەران و ڕێكخستنی كۆمەڵگای نوێی كەوتە ئەستۆ، بۆیە دەبوایە لەگەڵ ئەو واقیعە كۆمەڵایەتییە مامەڵە بكات. لە هەمانكاتدا ڕەچاوی ڕەوشی دەرونی و كەلتوریی كۆمەڵگا بكات. لێرەدا، وەك نوسەرێكی ئەو بوارە مەزەندەیكردووە، قۆناغی دووەمی بانگەوازی ئیسلام دەستپێدەكات، كە قۆناغی مەدینەیە، ئیسلام بو بە دەوڵەت و هەردوو دەسەڵاتی زەمینی و ئاسمانی لە دەستی پەیامبەردا كۆبووەوە، ڕێنمایی و باوەڕی ئایینی ئاقارێكی دنیاییان وەرگرت و پەیامبەر بووە سەرۆكی دەوڵەت (ابوزید، ١٩٩٤، ٤١). لێرەوە جەنگە ئایینیەكان دەبنە جەنگی كۆمەڵایەتی و سیاسی.

دوای ڕێكخستنی كاروباری ناوخۆی مەدینە، پەیامبەر دەستی بە ئەنجامدانی سرییە و غەزوەكان كرد (الملاح، ١٩٩١، ٢١٥)، یەكەمین دەسكەوتی موسوڵمانان، لەلایەن سرییەی نەخلە، بە سەركردایەتی (عەبدوڵلای كوڕی جەحش) هێنرایەوە مەدینە، پێویستە هەڵوەستە لە سەر چەند ڕەهەندێكی ئەم ڕوداوە بكەین، كە باڵادەستیی بەها و نەریتی پێشینە و كاریگەریی یادەوەری ئەو كۆمەڵە موسوڵمانە ڕوندەكاتەوە، ئەوەش لە دەرخستنی مانا بەخشینەوە و زیندوو كردنەوەی بەها كۆمەڵایەتییەكانی پێشینە یارمەتیمان دەدات،

١- پەیامبەر كاتێك ئەم كۆمەڵە دەنێرێتە ناوچەی نەخلە، شوێنەكەی بۆ ئەو كۆمەڵە، تەنانەت سەركردەی كۆمەڵەكەش ئاشكرا نەكردووە، بەڵكو لە نوسراوێكدا شوێنەكەی دیاریكردووە، فەرمانی پێكردوون دوای دو ڕۆژ ئنجا نوسراوەكە بخوێننەوە (ابن هشام، ١٩٩٠، ٢٤٣/٢)، پێماوایە پەیامبەر متمانەی بەباوەڕی سەرجەم گروپەكە نەبوە، بۆیە ئەگەری ئەوەی هێشتووەتەوە، هەواڵەكە لە لایەن ئەو كۆمەڵەوە دزە نەكات و قوڕەیشەكان ئاگاداری ئەو پرۆسەیە نەبن، ئەمەش مانای وردیی خوێندنەوەی لایەنی دەروونیی موسوڵمانانی سەرەتایە لە لایەن پەیامبەرەوە، لە پەیوەستبونیان بە نەریت و بەهاكانی خێڵایەتیی كۆمەڵگا.

٢- لە دوارۆژی مانگی ڕەجەب هەڵمەتی سەر كاروانە بازرگانییەكە دەستپێدەكات (ابن هشام، ١٩٩٠، ٢٤٥/٢)، كە یەكێكە لەمانگە حەرامكراوەكان، مانای ئەوەیە لەسەر هەمان نەریتی پێش ئیسلام پرۆسەكەیان ئەنجامداوە، چونكە لەپێش ئیسلامیش لە سەردەمی شەڕی نێوان خێڵەكان، ئەگەر شەڕ بكەوتبایە ناو مانگە حەرامەكان، بەردەوامدەبون لەسەر شەڕكردن، لەبری ئەوە مانگی داهاتویان حەرام دەكرد. نمونەی ئەمە لە خێڵی كینانە ڕویداوە، (ابو ثمامة)ی كینانی، لە مەیدانی جەنگ بەسەر حوشترێكەوە هانی جەنگاوەرانی دەدا و دەیگوت، خوداكەتان حەرامكراوی بۆ حەڵاڵ كردوون، ئێوەش حەڵاڵی بكەن (ابن كثير، ١٩٧٦، ٩٦/١؛ الزمخشري، ٢٠٠٩، ٤٣٣)

٣- لەو ڕوداوەدا (كوڕی جەحش) پێنجیەكی غەنیمەی بۆ پەیامبەر جیاكردەوە و چوار بەشەكەی بە سەر جەنگاوەران دابەش كرد، لەكاتێكدا هێشتا سورەتی ئەنفال دانەبەزیبو (ابن هشام، ١٩٩٠، ٢٤٥/٢). مانای ئەوەیە هەمان سیستەمی مۆڕالی بەر لە ئیسلام پەیڕەوكرا. ڕازیبونی پەیامبەر بەو سیستەمە، درككردنە بە ئارەزوی پاراستنی بەها كۆمەڵایەتییەكانی پێشینە لە كۆمەڵگادا، بۆیە ناچارە ئەویش سەرلەنوێ ناسنامەیەكی ئایینی بۆ ئەو كەلتورە دابڕێژێت.

ئەمەش تێگەیشتنە لە باوەڕ، چونكە پەیامبەر دەیزانی باوەڕ لەو سەردەمە هێشتا نەچووەتە قۆناغی پێگەیشتن و نەبوە پرۆسەیەكی ڕۆحی و ویژدانی، بەڵكو زیاتر پرۆسەیەكی كۆمەڵایەتیی بەرژەوەندیخوازانەی هۆزەكانە و هێشتا چوارچێوە خێڵەكییەكەی تێنەپەڕاندووە، بۆیە چاوپۆشی لێدەكات. قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی بەو خاڵە كردووە، كاتێك سەرۆك هۆزێك موسوڵمان بووە، زۆرینەی ئەندامانی هۆزەكەی موسوڵمان بوون (وَرَأَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجًا) (النصر، ٢)

بۆیە دەبینین ئایین بەناچاری خەیاڵە كۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەكان، كە كەلتورێكی فرەڕەهەندیان هەیە، دەكاتە بەشێك لە خەیاڵی ئایینییانە، چونكە كاتێك ئایین بۆی ساغدەبێتەوە ناتوانێت ڕووبەڕوی بەرژەوەندیخوازانەی كۆمەڵ بوەستێت، ناچارە مانایەكی بۆ دروستبكات و خۆی نوێنەرایەتیی بكات، ئەمەش مانای مانەوەی مێژوێتیی عەقڵی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp322-333

پێشینەیە لە ناو کەلتوری ئایینی نوێدا. بۆیە دەتوانین بڵێین ئاکاری موسوڵمانەکانی سەردەمی پەیامبەر، لە ژێر گوشاری سیستەم و نەریتەکانی پێشودا ئاراستە دەکرێت، چونکە ماوەیەکی زۆر بەسەر قۆناغی ئەزمونکردنی ئەو کەلتورە تێنەپەڕیوە تا لە یادەوەرییان کاڵبووبێتەوە، بەهەمان شێوە باوەڕی نوێش مێژوویەکی ئەوەندەی نییە بتوانێت باڵادەستیی خۆی بەسەر بەها پێشینەکان بسەپێنێت، بەمجۆرە دەبینین مانا بەرهەمهاتووەکان بەجۆرێك لە یادەوەریی ئەو کۆمەڵەدا پارێزراو و چەسپیوە، ئایینی تازە ناچار بە خۆبەدەستەوەدان دەکات لە ئەزمونکردنیدا، بەهۆی ئەو پەیوەستەگییە بەهێزەی لەگەڵ تاکی کۆمەڵدا دروستی کردووە، لە کاتێکدا لە ڕابردودا ئەو کەلتورە بونی تەواوەتیی کۆمەڵگا و ئاراستەکانی دیاریکردووە، ئەستەمە بەبێ تێپەڕبونی ماوەیەکی زۆر، ئاراستەی خۆی بگۆڕێت (ارکون، ١٩٩٦، ٢٥-٩٠).

پەیامبەریش هەمو ئەو ڕاستییانەی دەزانی، درکی بەوە کردبوو بەشێك لەو موسوڵمانانە لە ژێر گوشاری ژینگەی کۆمەڵایەتی، پاراستنی بەرژەوەندی، یان دەسکەوت و تاڵانی، بوونەتە موسوڵمان، بەقوڵایی بەها پێشینەکانیش، شارەزای کاریگەریی کەلتوری پێشینە و مانەوەی عەقڵییەتی پێشینان بوو، بۆیە پێش ڕودانی جەنگی بەدر، کاتێك بۆ ڕێگریکردن لە کاروانێکی بازرگانیی قوڕەیشەکان دەرچو، کە لە شام دەگەڕایەوە، بە موسوڵمانەکانی فەرموو، ئەوە کاروانی قوڕەیشەکانە، ماڵ و سامانێکی زۆریان هەڵگرتووە، بۆیان بڕۆن بەڵکو خوا بیکاتە دەسکەوت بۆتان، بەڵام بەشێك لە موسوڵمانان بەو بڕیارە ڕازی نەبون (ابن هشام، ١٩٩٠، ٢/٢٥٠)، کاتێك هەواڵ گەیشتە پەیامبەر، کە قوڕەیشەکان بەهێزێکەوە لە مەککەوە بۆ پاراستنی کاروانەکەیان دەرچون، ڕاوێژ لەگەڵ موسوڵمانان دەکات، بەشێك لە موسوڵمانان گوتیان، دەسکەوتەکان گرنگترە لەشەڕی دوژمن، لەگێڕانەوەیەکی دیکەدا پێیانگوتووە، ئایا نەدەبوو پێمان بڵێی شەڕمان لە پێشە، تا خۆمان ئامادە کردبوایە (الحلبي، ١٩٣٢، ٢/٣٢٥).

لەگەڵ موسوڵمانان ڕاوێژیکرد، تا سوپاکەی پتەو بکات و کەس ناچار نەکات لە شەڕەکەدا بەشداربێت، تا ئەوکەسانەی باوەڕێکی پتەویان نییە، یان بۆ مەبەستی دەسکەوت و غەنیمە هاتوون بگەڕێنەوە، چونکە پێدەچێت کەسانی بێباوەڕیش بەگەڵ سوپاکەی پەیامبەر کەوتبن بۆ مەبەستی تاڵانی، وەك لە گێڕانەوەیەکی واقدی ئەو دیاردەیە دەردەکەوێت، پەیامبەر دوو پیاوی گێڕایەوە لە خەڵکی مەدینە، کە بۆ بەدەستهێنانی غەنیمە هاتبون (الواقدي، ١٩٨٤، ١/٤٧). پشتڕاستکردنەوەی ئەو گوزارشتە لە ئەنجامەکانی جەنگی بەدردا ڕونتر دەردەکەوێت، چونکە هەمان ئەو کۆمەڵە موسوڵمانە، لەسەر دابەش کردنی دەسکەوتەکان ناکۆکی کەوتە نێوانیان (ابن الاثیر، ١٩٨٧، ٢/٢٧). ئەو جیاوازییە لاوازی و ناجێگیریی باوەڕی ئایینی دەگەیەنێت لە ناو کۆمەڵی سەرەتایی موسوڵمانانندا، چونکە بەپێی گێڕانەوەکە، ئەوانەی لەو شەڕە بەشداربون، موسوڵمانی ڕاستەقینە بون و پەیامبەر باوەڕلاوازەکانی گەڕاندبووەوە .

ناکۆکیی لەسەر غەنیمەت لە دوای مردنی پەیامبەریش بەردەوام بووە، لە شەڕی قادسیە، کاتێك زوهرەی کوڕی حوەیە کەوتە دوای جالینۆس و کوشتی، ماڵ و سامانەکەی بەغەنیمە برد، کە حەفتا و پێنج هەزار پارچە زێڕ بو، سەعدی کوڕی وەقاس ماڵەکەی لە زوهرە سەندەوە، بەڵام خەلیفە عومەرسەرزەنشتی سەعدی کرد و غەنیمەکەی گەڕاندەوە بۆ زوهرە (ابن خلدون، ٢٠١٣، ١٢١) .

هەرچەندە ئامانجی سەرەکیی پەیامبەر ڕوبەڕوبونەوەی نەریت و کەلتوری شەڕانگێزیی عەرەبەکانی پێشینە و بەدیهێنانی یەکێتیی ئایینی بو بۆ هۆزەکان، بەڵام فشار و کاریگەریی ئەو نەریتانە، وایلێکردووە غەنیمەت بکاتە هۆکارێك بۆ سەرکەوتنی بانگەوازەکەی (الرصافي، ٢٠٠٣، ٢٢)، چونکە دەیزانی ناتوانێت کەلتوری غەنیمە لە یادەوەریی موسوڵمانەکاندا بسڕێتەوە، لە ڕێککەوتنی حودەیبییە ئەو حاڵەتە ڕوندەبێتەوە، کاتێك ڕێککەوتنەکە نوسرایەوە موسوڵمانان خۆشحاڵ نەبون، پەیامبەر سێجار فەرمانی پێکردن قوربانی بکەن و سەریان بتاشن، کەس وەڵامی نەدایەوە، ئەمە پەیامبەری زۆر توڕە کرد، کاتێك هاتە ماڵەوە بۆ ئوم سەلمەی خێزانی گێڕایەوە، ئەویش لە وەڵامدا گوتی، ئەی پەیامبەری خودا، لۆمەیان مەکە، کارێکی قورسیان بەسەردا هاتووە، بەبێ فەتح و بەئاشتی گەڕاینەوە (الطبری، ٢٠٠١، ٣/٣٦٣)، ئاشتینامەکە خەونی موسوڵمانەکانی لە بار بردووە، چونکە ئەگەر هەنگاوەکانی پێشویان بخوێنینەوە، دەردەکەوێت بۆ گرتنی مەککە خەونی زۆر گەورەیان هەبوە لە دەسکەوتنی ماڵ و سامانی قوڕەیشەکان.

چیرۆکی خەبیبی کوڕی یەسافی خەزرەجی خواستی عەرەبەکانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کەسایەتییەکی بتپەرست بوو، بەمەبەستی غەنیمە دەیویست لەگەڵ موسوڵمانەکان بەشداریی شەڕی بەدر بکات، پەیامبەر ڕێگەی پێنەدا و گێڕایەوە، پاش چەندجارێك گەڕاندنەوەی، ناچاربوو ببێتە موسوڵمان، ئنجا پەیامبەری ڕازیکرد بەشداربێت (البلاذری، ١٩٩٦، ١/٣٤٥).

هەروەها لە شەڕی خەیبەر، پەیامبەر ڕێگەی نەدا عەرەبە دەشتەکییەکان بەشداربن، بێجگە لەوانەی ئامادەی غەزای حودەیبیە بون. بەپێی گێڕانەوەیەك ئەو دەشتەکییانە هاتنە لای پەیامبەر، گوتیان، دەمانەوێت بەشداریی شەڕی خەیبەر بکەین، چونکە ناوچەیەکی بەپیتی حیجازە و خواردنی چەور و ماڵ و سامانیان زۆرە، بەڵام داواکەیان ڕەتکرایەوە (الواقدي، ١٩٨٤، ٢/٦٣٤). لەمەوە تێدەگەین غەنیمەت ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە هەمو ئەو کردە سەربازییانەی لەوسەردەمەدا ئەنجامدراون. تا ئەو سەردەمەش کەلتوری پێشینە لە یادەوەرییان نەسڕاوەتەوە، واتا پرۆسەی بەسومبول کردنەوەی کەلتوری کۆمەڵایەتییە- مێژووییەکەیە، ناوێکی دیکەی لێنراوە.

نمونەی زۆر لەسەرچاوەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، کە هێزی پەیوەستبونی عەرەبەکان بە کەلتوری پێشینە، وایکردووە لە موسوڵمانبونیشیاندا یادەوەرییان چالاك بێت و نەتوانن بە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئایینییەوە پابەندبن، بە هەمان شێوەی پێشینانییان، دەسکەوت ببێتەوە هۆکاری سەرەکیی شکست و سەرکەوتنەکانیان. نمونەی ئاشکرای مێژوویی لە جەنگی ئوحود دەردەکەوێت، کاتێك موسوڵمانان توانییان لە سەرکەوتن نزیك ببنەوە، سرییەی تیرهاوێژی پارێزگاری، بەئامانجی کۆکردنەوەی دەسکەوتەکان، سەنگەرەکانیان چۆل کرد، ئەمەش بووە هۆی شکستییان لەو شەڕە (ابن هشام، ١٩٩٠، ٣/٢٨-٢٩) .

کەواتە دەتوانین بڵێین غەنیمە، بەردەوامبوونی هەمان سیستەمی مۆڕاڵی پێشینەیە، ئایین دەکاتە میراتگری ڕۆشنبیری و تێگە و بەها کۆمەڵایەتییەکان، چونکە پەیوەندییەکی هەستیار لە نێوانیاندا هەیە، بەمەش ئایین دەبێتە هەڵگری تێگە کەلتورییەکەی کۆمەڵگا و پێی بارگاوی دەبێت، واتە ئایین ڕەوایەتی دەداتە هەمان کەلتوری ڕابردو، وەك ئارکۆن دەڵێت، "ئەو ئایینانەی لە ساتەوەختە جیاواز و تایبەتەکان دامەزراون، دەتوانن دەستبەسەر هەمو دەرکەوتە کۆمەڵایەتییەکاندا بگرن و قسەی حەق و ڕەفتاری ڕاست بۆخۆی قۆرخ بکات" (١٩٩٦، ٣٨). ئەمەش هەڵسەنگاندنی کارێك، یان ڕەفتارێکە، لە دو کاتی جیاوازدا، ئەگەر لە پێش ئیسلامدا تاڵانی کەلتورێکی دواکەوتوانەی کۆمەڵگا بوبێت، لە ئایینی ئیسلامدا، بەهۆی فشاری دەمارگیری و پەیوەستەگیی کۆمەڵگا، نەك

هەر مانای پێدراوەتەوە، بەڵکو بووەتە بەشێك لە کەلتوری ئاینی، چونکە لە دیدی ئاینیدا، کار و ڕەفتاری مرۆڤ بەپێی سیفاتە باش و خراپەکان ناپێورێت، لەوانەیە کردارێك بەپێی پێوەرە دەروونییەکان خراپ بێت، بەڵام لە ڕوی شەرعەوە ئەو کردارە باشبێت، بۆیە باش تەنها ئەو کردارەیە، کە شەرع پێی ڕەوایە (الشهرستاني، ١٤٢٥ھ، ٣٧٠).

تەنانەت خواستی غەنیمە وایکرد هەندێك لە سرییەکان دەست لە موسوڵمانانیش نەپارێزن لەهێرش و پەلاماردان، وەك ناردنی زەیدی کوڕی حاریسە بۆ سەر خەڵکی جوزام، کە کۆمەڵێکی موسوڵمان بون. ئەم هەواڵە پەیامبەری زۆر نیگەرانکرد، بۆیە عەلی بەشمشێرەوە بۆلای زەید نارد، ئینجا زەید ناچاربو کەلوپەل و ژنە کۆیلەکانیان بداتەوە (الواقدی، ١٩٨٤، ٢/٥٥٩)) .

لە ساڵی فەتحدا هەمان پرۆسە لە لەلایەن خالیدەوە بۆسەر بەنی جذیمة دووبارە دەبێتەوە، هەرچەندە ئەو هۆزە موسوڵمان بون. خالید سەرکردایەتی سرییەیەکی کرد، لە چەند پیاوێکی پشتیوانان و کۆچەران و چەند پیاوێکی هۆزی سەلیم پێکهاتبوون، هێرشی کردە سەر بەنی جذیمة و داوای دانانی چەکی لێکردن، هۆزەکە گوتیان ئێمە موسوڵمانین، لە تۆ و پیاوەکانت دڵنیانین. خالید بەهۆی لێزانی توانی پیاوەکانیان چەکبکات و قۆڵبەستییان بکات، پاشان دیلەکانی دابەشی کردە سەر جەنگاوەران، لە کاتی نوێژی بەیانیدا فرمانی کرد هەرچی دیلە بیانکوژن، پیاوەکانی بەنی سەلیم دیلەکانیان کوشت، بەڵام کۆچەر و پشتیوانان دیلەکانیان ئازاد کرد (الواقدي، ١٩٨٤، ٣/٨٧٥-٨٨٥). پێدەچێت پەیامبەر بەهێزی و ئازایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی سەربازە شەرکەرەکانی لە بەرچاو گرتبێت، بۆیە هەندێکجار، ئەگەر لە دەرەوەی ڕێنمایە ئاینییەکانیش کاریکیان ئەنجامدابێ، ئەوە چاوپۆشیی لێکردون (الرصافي، ٢٠٠٣، ٣٨٥). , چونکە لە گێڕانەوەی چیرۆکەکە، پەیامبەر چەندجارێك دەڵێت، خودایە من بێبەریم لە کارەکانی خالید.

خواستی دەسکەوت لەناو موسوڵمانان گەیشتبووە ئەو ئاستەی جەنگاوەر هەبو پێش دابەش کردنی غەنیمە، کەلوپەل بشارێتەوە، ئەمەش پەیامبەری زۆر توڕەدەکرد. لە کاتی کوژرانی پیاوێك بەناوی مودعم، هەندێك هاوەڵ گوتیان، خۆزگە بەخۆی دەچێتە بەهەشت، بەڵام پەیامبەر فەرمووی، "نەخێر، ئەو بڕە شتومەکەی لە ڕۆژی خەیبەر شاردبوویەوە پێش دابەش کردن، دەبێتە ئاگر بۆی" (ابن کثیر، ١٩٧٦، ٣/٣٩٤)، هەروەها دەگێڕنەوە یەکێك لە هاوەڵەکانی لە ڕۆژی خەیبەر مرد، هەواڵی مردنەکەی درایە پەیامبەر بۆ ئەوەی نوێژی لەسەر بکات، بەڵام نوێژی لەسەر نەکرد، ئنجا بەهاوەڵەکانی گوت، نوێژ لەسەر هاوڕێکەتان بکەن، لە پێناوی خودا شەڕی کردووە، بەڵام شتی شاردووەتەوە، کاتێك کەلوپەلەکەیان پشکنی، مورویەکی جولەکەیان تیادا دۆزیەوە، کە نرخەکەی بای دوو درهەم نەدەبو (الحلبي، ١٩٣٢، ٣/٧٧).

لە شەڕی حەنیندا پەیامبەر هاوەڵانی ئاگادار کردووەتەوە لە تاوانی شاردنەوەی ئەو دەسکەوتانەی دەکەوێتە دەست موسوڵمانەکان، موویەکی پشتی حوشترەکەی هەڵکەندووە و فەرمویەتی، ئەی خەڵکینە، بەخودا هیچ شتێکی بەقەد ئەو تاڵە مووەشم نەبردووە، جگە لە پێنجیەکی دەسکەوتەکان، پێنجیەکیش بۆ ئێوە دەگەڕێتەوە، بۆیە بەجوانی کارەکانتان بکەن" (ابن هشام، ١٩٩٠، ٤/١٣١).

زۆر نمونەی دیکە هەن دەیسەلمێنن فاکتەرە مادییەکان لە پاڵ فاکتەرە ڕۆحییەکان ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە ئاراستەکردنی تاك، هزری مرۆیی، بەهزری ئاینیشەوە، بەرهەمێکی سروشتی تێکرای ڕەوشە مێژوویی و ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمەکەی خۆیەتی، بۆیە ئاینی نوێ نەیتوانیوە واقعە کۆمەڵایەتی- مێژووییەکەی هەڵگێڕێتەوە و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکە بگۆڕێت (ابوزید، ١٩٩٤، ١٩٧).

**ئەنجام**

لە ئەنجامی گەڕان بەناو سەرچاوە مێژوییەکان، گەیشتینە چەند ئەنجامێك، کە لەم چەند خاڵەی خوارەوە رونی دەکەینەوە،

١-کۆمەڵگای خێڵەکی، کۆمەڵگایەکی پەیوەستە بە بەها و نەریت و کەلتوری پێشینەی باوباپیران، بۆیە دیاردەی غەنیمە، لەسەر هەمان ڕێچکەی پێشینە بەردەوامیی هەبوە و لە ڕێگەی یادەوەریی تاکی ئەو کۆمەڵگایە پارێزراوە و لە کەلتوری ئاینی نوێدا سەرلەنوێ مانای پێدراوە، چونکە کاتێك پاڵپشتیی ئاینی وەردەگرێت، بووە بە سیستەمێکی تازەی ئاینیی، وەك ئەوەی لە ڕابردودا ئەنجام نەدرابێت .

٢-پەیامبەر خوێندنەوەیەکی قووڵ و شارەزاییەکی وردی بۆ بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای عەرەبی هەبوە، ئاستی بەهێزی پەیوەستەگیی ئەو کۆمەڵگایەشی بەو بەهایانە هەڵسەنگاندووە، بۆیە هەوڵی پاراستنی بەشێك لەو ڕەگەزە کەلتورییانەی داوە لە پێناوی سەرکەوتنی بانگەوازەکەی.

٣-ئیسلام وەك ئاینێکی ئاسمانی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆحیی نوێی داهێنا، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە هەناوی کۆمەڵگایەکی خێڵەکی سەریهەڵدا، نەیتوانی کۆی سیستەم و بەها کۆمەڵایەتییەکان ڕەتبکاتەوە و خۆی بپارێزێت لە کاریگەری و نەریتی ئەو کۆمەڵگایە.

٤-غەنیمە بووەتە فاکتەرێکی بەهێز لە موسوڵمانبوونی عەرەبەکان، بەتایبەتی خێڵەکان، کاتێك زانییان ئاینی ئیسلام کۆی بەها کۆمەڵایەتییەکانیان ڕەتناکاتەوە.

٥-غەنیمە سیستەمێکی بەرهەمهێنراوی ئاینی نییە، ئەوەندەی درێژکراو و بەردەوامبوونی ئەو ڕۆشنبیرییەیە، کە لە یادەوەریی تاکی ئەو کۆمەڵگایە ڕەگو ڕیشەیەکی مێژوویی قووڵی هەیە.

**لیستی سەرچاوەکان**

القران الکریم

قەرەداغی، ئومێد (٢٠١٢)، کێشەکانی هزری ئاینی، سلێمانی، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران.

الملاح، هاشم یحیی (٢٠١٢)، مێژووی عەرەبی پێش ئیسلام، وەرگێڕانی: هۆشیار عبداللە سەنگاوی، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.

نادر، سعید مەولود (٢٠١٥)، یادەوەری ئێزیدییەکان لە نێوان سەدەکانی (٦-٨ك)، گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان، بەشی(B) ، ژمارە (٥).

نادر، سعید مولود (٢٠١٨)، پیرۆزکردنی شێخانی سۆفی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی (١)، ژمارە (١).

ئیسماعیل، ڕێبین ڕەسول (٢٠٠٤)، ئەنترۆپۆلۆژیا لێکۆلینەوەی تیۆری، هەولێر، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین.

ابن ابى الحديد (١٤٠٤الهجرى)، شرح نهج البلاغة، تحقيق: محمد ابوالفضل ابراهيم، قم، ايران، منشورات مكتبة اية الله العضمى المرعشي النجفي.

ابن إسحاق (٢٠٠٤)، السيرة النبوية، تحقيق: احمد فريد المزيدي، دار الكتب العلمية، بيروت، لبنان.

ابن الاثير (١٩٨٧)، الكامل في التاريخ، تحقيق: ابي الفداء عبدالله القاضي، بيروت، دار الكتب العلمية .

ابن حزم (١٩٤٨)، جمهرة انساب العرب، تحقيق: ا. ليفي بروفنسال، مصر، دار المعارف.

ابن خلدون (٢٠١٣)، مقدمة ابن خلدون، تحقيق: سعيد محمود عقيل، بيروت، دار الجيل .

ابن سعد (٢٠٠١)، كتاب الطبقات الكبير، تحقيق: علي محمد عمر، القاهرة، مكتبة الخانجي.

ابن كثير (١٩٧٦)، السيرة النبوية، تحقيق: مصطفى عبدالواحد، بيروت، لبنان، دار المعرفة للطباعة والنشر .

ابن هشام (١٩٩٠)، السيرة النبوية لابن هشام، تحقيق: عمر عبدالسلام التدمري، بيروت، دار الكتاب العربي.

أبوزيد، نصر حامد (١٩٩٤)، نقد الخطاب الديني، القاهرة، مصر العربية سينا للنشر.

اركون، محمد (١٩٩٦)، تاريخية الفكر العربي الاسلامي، ترجمة: هاشم صالح، بيروت، المركز الثقافي العربي.

الازرقي (٢٠٠٣)، اخبار مكة وما جاء فيها الاثار، تحقيق: عبدالملك بن عبدالله، مكة المكرمة، مكتبة الاسدي للنشر والتوزيع .

الاصفهانى (١٩٥٢)، كتاب الاغانى، مطبعة دار الكتب المصرية، القاهرة.

البلاذرى (١٩٩٦)، انساب والاشراف، تحقيق: سهيل زكار و رياض زركلى، بيروت، لبنان، دار الفكر للطباعة والنشر.

جاد المولى بك، محمد احمد (١٩٨٨)، ايام العرب في الجاهلية، صيدا، بيروت، منشورات المكتبة العصرية.

حتي، فليب (١٩٥١)، تاريخ العرب (مطول)، بيروت، لبنان، دار الكشاف للنشر والطباعة.

الحلبي (١٩٣٢)، انسان العيون في سيرة الامين المأمون المعروفة بالسيرة الحلبية، بهامشها، السيد احمد الزيني المشهور بدحلان، مصر، مطبعة الازهرية .

حنفي، حسن (١٩٩٢)، التراث والتجديد، بيروت، مؤسسة الجامعية للدراسات والنشر.

الرصافي، معروف (٢٠٠٣)، كتاب الشخصية المحمدية أو حل اللغز المقدس، منشورات الجمل .

الزمخشري (٢٠٠٩)، تفسير الكشاف عن حقائق التنزيل وعيون الاقاويل في وجوه التأويل، تحقيق: خليل مأمون شيحا، بيروت، دار المعرفة.

سالم، السيد عبدالعزيز (١٩٨٨)، تاريخ العرب في عصر الجاهلية، الاسكندرية، مصر، مؤسسة شباب الجامعة.

السمهودي (٢٠٠١)، وفاء الوفا باخبار دار المصطفى، تحقيق: قاسم السامرائي، مؤسسة الفرقان للتراث الاسلامي، فرع موسوعة مكة المكرمة والمدينة المنورة.

السواح، فراس (٢٠٠٢)، دين الانسان بحث في ماهية الدين و منشأ الدافع الديني، سورية، دار علاءالدين.

الشريف، احمد ابراهيم (١٩٨٥)، مكة والمدينة في الجاهلية وعهد الرسول، القاهرة، دار الفكر العربي.

الشهرستاني (١٤٢٥الهجرى)، نهاية الإقدام في علم الكلام، تحقيق: أحمد فريد المزيدي، بيروت، دار الكتب العلمية.

الطبري (١٩٦٧)، تاريخ الرسل والملوك، تحقيق: محمد ابو الفضل ابراهيم، مصر، دار المعارف.

الطبرى (٢٠٠١)، تفسير الطبري جامع البيان عن تأويل آي القرآن، تحقيق: عبدالله بن عبدالمحسن التركي، دار هجر للطباعة والنشر والتوزيع.

علي، جواد (١٩٩٣)، المفصل في تاريخ العرب قبل الاسلام، بغداد، العراق، جامعة بغداد.

فيصل، شكري (١٩٧٣)، المجتمعات الاسلامية في القرن الاول، بيروت، دار العلم للملايين.

القرطبي (٢٠٠٣)، الجامع لأحكام القرآن، تحقيق: هشام سمير البخاري، الرياض، المملكة العربية السعودية، دار عالم الكتب.

كوش، دنيس (٢٠٠٧)، مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماع، ترجمة: منير السعيداني، بيروت، مركز دراسات الوحدة العربية.

لێژێ، دانیال هیرڤیۆ (٢٠٠٨)، ئایین چییە؟، وەرگێڕانی: عادل باخەوان، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

مجموعة من الكتاب (١٩٩٧)، نظرية الثقافة، ترجمة: علي سيد الصاوي، عالم المعرفة (٢٢٣)، كويت، المجلس الوطني للثقافة والفنون والادب .

المرزوقى (١٩٩١)، شرح ديوان الحماسة، تحقيق: احمد امين و عبدالسلام هارون، بيروت، دار الجيل.

مروة، حسين (٢٠٠٢)، النزعات المادية في الفلسفة الاسلامية، بيروت، لبنان، دار فارابي.

الملاح، هاشم يحيى (١٩٩١)، الوسيط في السيرة النبوية والخلافة الراشدة، الموصل، مطبعة جامعة الموصل.

منديب، عبدالغنى (٢٠٠٦)، الدين والمجتمع دراسة سوسيولوجية للتدين بالمغرب، المغرب، أفريقيا الشرق.

الواقدي (١٩٨٤)، كتاب المغازي، تحقيق: د. مارسدن جونس، بيروت، عالم الكتب.

الوردي، علي (١٩٩٥)، وعاظ السلاطين، بيروت، لبنان، دار كوفان للنشر.

الوردي، علي (٢٠٠٩)، دراسة في طبيعة المجتمع العراقي، بيروت، مكتبة دجلة والفرات.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp322-333